# جیهانی منالان

## گۆڤارێكی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
## دەربارەی منالان

# ژمارە ١٠



ئـــــای چەند شیرینی وەختی گڕوگاڵ بەتایبەت كاتی دەرو ژووری مـــــاڵ

www.jihanimindalan.just.nu

## پێرست بۆ ژمارەی 10 گ . ج . م


ڕەدیف بابەت ناوی نووسەر لاپەڕ

1= .....وتای سەردەی... ..عەلی کیتابی.. 4

2 = کۆلانی بنبەست........ .. م قەرەداغی.....5

3= چمکێك لە ڕومانی سارا ع= ك......... .......8

4= نامە....... ڕەحیمی لوقمانی............... 11

5= شمشالی سیحراوی وەرگێڕان لوقمانی.....13

6= ناچار ..وەرگێڕان....ڕەحیم لوقمانی.....15

7= ژیان نامە... مستەفا قادری...............17

8= شیعر .. ئەنور ڕەشی عەولا..............22

9= ئازاری دەرونی منالّ ئاسۆ بیارەیی...... 23.

10=سێمینار. جیاوازیەکانی پەروەردە پەروانەی قورەیشی__پێشکەشی جیهانی منالانی دەکات

11 = بەرپرسی کۆڕی مۆسیقا ڕزگار فەتاحی




تابلۆی سەربەرگ سانی کوڕی سین

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خالانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابێ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بێ. بەلام ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیێیە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆزە بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە وریاییو بە دەربەس پاسەوانی درگای مالّی خۆمان بین و نەیەلّین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەلّە و لارێماندا بەرن. هەلّماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەلام بە ناکامیوناچاری پاشە کشێیان کردوە. **گ.ج**

## لیستەی پشتیوانان و هاوکاران و خوێنەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵان و یانەی سارای سەیار لەشاری سەقزو بۆکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆ ژمارە10ی ئەم گۆڤارە لە وەرزی هاوینی، سالّی 2004 دا.

واتە دەخل و خەرجی 3 مانگە

++++++++++++++++++++++++++++

1- ئازاد عەزیز..................... 700

2- هیوا عەزیز و دایکی ئامانج....600

3- بەختیار پێنجوێنی............300

4- شوان کرکوکی..................30

5- د. کامەران قەرەداغی..........

6- کامیل ئەحمەد.................100

7- ڕەحمان حسێنزادە.............70

8- ..دیبەی موحسین وەفا

9- حەمەی ئەسلانی,,,,,,,,,,,,,,,,100

10- خوشکە سیسیلیا............300

11- کۆمەلّەی ئاشتی..............100

12- صدیق ئیسماعیلی...........100

13- فەهمی کاکەیی...............

14- نەرۆزی عەلی.................260

15- لالۆ ئاسۆ بیارەیی............150

16-هۆشیار تاجری................150

17- شەهاب مەنمی.......... ....200

18- م- مەجید فەرەج............100

19- .

20- ڕەزا کەمانگەر...............100

21- ئارام=ڕ= هاوپشتی.........

22- م= فەرهاد دەربەنیخانی......100

23- بەیان عەبدولا..............

24- مامۆستا جەلال...............

25- خوشکە هاینە................100

26- ڕەسوولّ محەمەدی......... 200

27- تاهیر مەحمودی............200

28- شیخ خالد حەیدەری.........40

29- ئابێ ئیف..**ABF**.......1200

30- کاوەی بوزوگپەنا...........

31- ئیبراهیم ڕۆستەمی.........100

32- صالح شەریفی ........... 100

33- هوما دانشوەر ............

34- خوشکە ئامینە............100

### پشتیوانانمان لە کیشوەری فینلاند

66= سەرکەوت کەریمی ............... 100

67 = فاتمە نەورۆزی.....................200.

68 = ڕەحمان محەمەدی............ 250

69 = موحسین ...................... 250

70 = جەعفەر کەریمی ................300

71=

72= مستەفا قادری.....................1000

73= شیرین و جەمالّ .........

74= عەبدورەحمان زولّفۆ,,,,............100

75= سامان...و..علیرزا.................300

76= کۆژین زەکی.............

77= سۆران زەکی یارمەتی بێسنوور

78= عومەر مەعروف ...........

80= ئاکۆ ڕەشی عەولا..................150

81=

82= خدر حەسەن زادە.................100

## خوێنەرانـــــــــــی هێژا


من کە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەکەم، پێم خۆشە کە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەکدا، لێکۆلّینەوەیەکی ئابوری بکەم بۆ ڕوونکردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەکە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەکە ڕوون بێت کە دەخل و خەرجی گۆڤارەکەو یانەی سارا تێکڕا لە سەقز و بۆکان چەنێکە. لەم سێمانگەدا نزیکی 8350 کرۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەکە و باقی بەرهەمەکانی کاك عەلی بووە، 1200 کرۆن خەرجی پۆست وجەوهەر و **CD** لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی بەهار بووە، و خەرجیشمان 11500 کرۆن بووە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاکس بۆگشت خۆشەویستانی گۆڤارەکەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و کۆمەکی دارایی یانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەکان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی کیتابی) وە بووە. سەرجەم دەرامەتمان 8350 کرۆن بووە و خەرجیشمان 12700 بووە.

تێ بی نی : پەروانەی قورەیشی و ڕزگار فەتاحی بە ئەرکی مادی و مەعنەوی خۆیان هەستان و بەشداریان کرد.

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێكی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی كیتابی**

مۆنتاژكارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێكی وەرزیەولە سویێد دەرئەكرێ و

لە كوردستان دووبارە چاپدەكرێتەوە



**زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپكردنی**

# وتـــــــاری سەردەبـــــــی

بۆچی پاش شەست و چەندساڵ .. تەمەن و تەجرەبە گۆڤاری جیهانی منداڵانم کردە سەر لەوحەی ئەندێشە و پیشەی ژیانم؟ وەك لە زۆربەی سەروتارەکانی سەرجەم ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا بەتایبەت ژمارەی 1 و 9 بەڕاشکاوی دوور لە گشت چاوو ڕاوو غەل و غەشی سیاسی و فریوکارانە ڕامگەیاندوە ئێستایش لەکانگای دڵمەوە دەیڵێم و دەیڵێمەوە.

.......................................................................

ئەمە دەقی یەکەمین پاڕاگرافی یەکەمین سەروتاری یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارەیە کە لەبەهاری ساڵی 2002 دا تۆمار و بڵاو کراوەتەوە ئاوەهام نووسیوە و دەڵێم:

بێگومان مرۆڤ، لەو ڕۆژەوە بەشێوەیەکی سورشتی پزدان دە دڕێنی لە سکی دایکی دێتەدر و چاو هەڵدێنی.. بۆ وەچنگهێنان و وەدیهێنانی بژیو و نیازو حەزو ئارەزووەکانی خەباتێکی سەخت و دیژوار دەست پێدەکات. مرۆڤ، تا مەلۆتکە و منداڵ و بێدەستەڵاتە، کەرەستە و چەکی بەرگری و هیرشی جگە لە گریان و گڕوگرتن زیاتر شتێکیتر نیە،. بەڵام کە گەورەبوو، بەپێی هێز و توانای، هەتتا پتریش لە هێزو توانای، بۆ نیازو حەزو ئارەزووەکانی دەروونی و بیروونی خۆی، ساتێك ناسرەوێ. کە نیازو حەزو ئارەزووەکانیشی وەدی هاتن و بووبە سالاری خاووخیزان و سەرجەم خزمەکانی، کە پێکی شەرابی سەروەری‌و سالاری بەسەر بنەماڵەو گوند و شارو هەرێمدا نۆشی، پاشان وردەوردە هەزاران جۆرە چەك و کەرەستەی فەوتێنەر و خنکێنەر و فریوکارانە دژی نەیارانی بەکاردێنێ، خۆی بە خواو خاوەنی زەمین و زەمان دەزانی، دەبێ کەس سەرپێچی لە دەستور و فەرمانەکانی نەکەن دەستوورەکانی مووبەموو بە ئەنجام بگەیەنرێ، بۆ پاراستنی دەستەڵاتی هەموو جۆرە جورم و جینایەتێك، بە ڕەوا و قانوونی دەقەبوولێنرێ و دادەسەپێنرێ و بەئاکام دەگەیەنرێ.

.......................................................................

ئەمەیش دەقی سەروتاری ژمارەی 9ی گۆڤاری جیهانی منداڵانە: کە هەر لەم بەهاری ساڵی 2004دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. وەك بەڵگە دیهینمەوە پیشچاو.

مرۆڤ، بە ڕەوشت و ڕەوانیەوە هێندە بونەوەرێکی ئاڵۆزومڕموز و سەرسوڕهێنەرە پاش ملیۆنەها ساڵ تێپەڕبون لەتەمەنی هێشتا بەگومان و نەناسراوی ماوەتەوە. بەبڕوای‌من ئەو شیعرو شیعارەی شیخ سەعدی شیرازی کەوەك نمونەی ناسنامەی مرۆڤ، بە سەردەرگای بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵواسراوە کە مرۆڤ، بەگشتی و ئێمەی ئاریایی بەتایبەت شانازی پێوە دەکەین بە بڕوای من پووچەڵ و پێچەوانەی زانیاری ڕەوانکاوی و ڕەوانشناسی‌یە: شێخی شیرازی دەڵێ:(بەنی‌ئادەم ئەعزای یەکدیگەرەند * کەدەر ئافەرینش ز یەك گەوهەرەند...)

واتە مرۆڤ، بە گشتی گەوهەرێکە و لە یەك جەستە پێك هاتووەو خولقاوە، لە دەرد و ڕەنج و ئازاردا هاوبەشن و هەرکات مرۆڤێك لە هەر کون و قوژبێنیکی ئەم جیهانەدا توشی ڕۆژەڕەشی‌و نەخۆشی و ئازارێك دەبێت گشت مرۆڤایەتی هەست بەو ئازارە دەکات و پیوەی دەناڵێ! پێویست ناکات بۆ هێنانەوی بەڵگە پەنابەرم بۆ مێژووی ئەو جینایەتانەی مرۆڤ، دەرهەق بە بەشگەلێك (لە جەستەکانی خۆی کردوویەتی‌و دەیکا). کافیە کارەساتی پێرێی بەندیخانەکانی تاران و کارەساتی هەڵەبجە و ڕواندا و جینایەتەکانی ئەوسای مەسیحیەکان و ئێستای موسادوحەماس لە نەتبە و بەیت لەحم و قودسی ئیسلام و مووسایی و مەسیحەکان بێنمە پێشچاوی لاوانی تەمەن 25 ساڵەی جیهانی بەگشتی و فارس و کورد و عەرەب و یەهودی و ڕواندایی بەتایبەتی؟!

بێگومانم لەوەی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەرانی ئەم سەروتار و سەرنوسەرە دیتە ئاراوە و دەڵێن: تۆ کە ئاوەها موغریزی ڕەوانی مرۆڤی کە خۆیشت مرۆڤی؟ ئەی چۆنە بەبەڵگەوە لەم گۆڤارەدا سەلماوە و تۆمار کراوە، تۆ گشت ژیانت لە پێناو ژیانی منداڵەورتکەی قەراخ و بیجاخی شارەکاندا تەرخانکردوە؟ منیش لەوەڵامدا دەڵێم:

ڤیکتۆرهۆگۆ بەحەق وتویەتی: ئەگەر زانستێکی نەفرەت ئەنگێز لەم جیهانەدا ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ، ئازار بدات بێگومان توندو تیژی‌و دەستدرێژیە بۆسەر مافی ئەو منداڵە بێتاوانانەی کە توانای پارێزگاریان لە ماف و جەستەی خۆیان نیە.

منیش بە تەجرەبە و بڕوام بۆم سەلماوە فیداکاری وخزمەتکردن بەو منداڵانەی خۆیان و دایکیان لە کۆمەڵگادا لەگشت مافی ژیان بێبەشن، بە تایبەت ئەو منداڵەی هەتتا دایکیشی نازانی کێ باوکی‌منداڵەکەیەتی؟! ناچارە بۆ بژیوی خۆی‌و منداڵەکەی لەشی بفرۆشی. ئەم ئەندێشە و کردەویە بۆم بۆتە نۆشداڕوی ڕۆح و ڕەوانم تالەم دنیا پووچ و بێهوودەیەدا درێژە بە ژیانم بەدەم. دڵنیام ئەگەر ئەندیشمەندانێك لە بیچمی صادەقی هیدایەت و ... ئەم بۆچوونەیان هەبا خۆیان نەدەگۆشت! ئەگەر مرۆڤ، کوشتن جینایەتە؟ کە بە بڕوام جینایەتە: کەوایە خۆ کوژیش هەرجینایەتە.دە باخوینەرانی گۆڤارەکەمان قازی بن و قەزاوەت بکەن.))

.......................................................................

ئەوەی لێرەدا دەمهەوێ وەك وتەی سەردەبیر بۆ ئەم ژمارە واتە ژمارەی 10 پیشکەشی کەم. بە ڕاشکاوی و ڕاست و ڕەوان دەڵێم:

من باوەڕم بە هیچ جۆرە حەقانیەتێکی موتڵەق نیە، بە بڕوام بە درێژایی مێژووی گەشەی ئەندێشە و مێشك و کردەوەی مرۆڤە بلیمەت و هەڵکەوتووەکان ، کە تا ئێستا چەندین سیستەمی قانوونی داڕێژراو لەلایەن ئەندیشمەندانی سیاسی و دەستەڵاتدارانی دینی و ڕەگەزپەرستییەوە بەناوی حەق و حاکمیەتی (متڵەق) و (پیرۆز) بەسەر کۆمەڵگادا داسەپێنراوە. بە حوکمی دەستەڵات و یاساو قانوونە (موتڵەق و پیرۆزەکانیان) فتوای لەشکرکێشی و کوشتاری بەکۆمەڵ و کاولکاری و قەتڵوعام و جزیە و جاریە... بەقازانجی حاکمییەتی موتڵەقی خۆیان و سیاسەتی حیزب و دینەکەیانەوە بەوپەڕی ئاکامی دڕندانە و وەحشیانەیان گەیاندوە. ئیسرایل و فەلەستین بە بەیتەلموقەدەس و دیواری نەتبە و ئیراقیش بە نەجەف و کەربەلایەوە نمونەی زیندووی کارەساتەکانی ئەوساو ئێستان.

من کاتێك دەچمە ناو بەحری خەیاڵات و فەلسەفەی کەون و کائینات و بوون و مەرگ و میر و دەستەڵاتی بوونەوەران بەتایبەت مرۆڤەوە، کە بیر لە سەرهەڵدانی مووسا و مەسیح و موحەمەد و لینین و ئیستالین و خومەینی و سەدام و بۆش و بلێر و شارۆن و شیخ ئەحمەد یاسین و.......دەکەمەوە دەڵێم خۆزیا ئەم بلیمەتانە هەر لەجیهانی منالێدا قەتیس بووایەن ئەو مێژینە و مێژووە پڕ لە ئەنجامی جەور و جینایەتەیان ئیجرا نەکردایە!؟

من پێم وانیە دەتوانم بە خۆم و گۆڤاری جیهانی منداڵان و یارمەتی بۆ بژیوی ژیانی بیست و چەن منداڵەوە ئاڵوگۆڕێك لە کوردستان و جیهان پێکبێنم، بەڵام گەورەترین دەسکەوتم لەمکارانە ئەوەیە، کە بە ڕۆح و ڕەوانمەوە دەگەڕێمەوە ناو جیهانی پاك و خاوین و بێ‌ڕیاو تەزویری منداڵانەوە. بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە دایکیشیان نازانیٚ کیٚ باوکی منداڵەکەیەتی و بە خۆی و منداڵەکەیەوە لە گشت ئیمکاناتێکی ژیان بێبەشن، ناچاریشە بۆ وەچنگهێنانی بژیوی ژیانی خۆی و منداڵەکەی لەشی بفرۆشیٚ.!

سەردەبیری گۆڤای جیهانی منداڵان عەلی کیتابی

# کۆڵانی بنبەستی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان

(بابەتێکی چارەنووس ساز بۆ گفتوگۆی ڕووناکبیران و سەرنجڕاکێشانی فەرمانڕەوایانی کوردستان)



مەهاباد قەرەداغی

**پێشەکی**

هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر بڵێین سیستەمی پەروەردە لەباشووری کوردستاندا هەڵەو کەموو کووڕی تێدایە و پێویستە هەڵە و کەم و کووڕیەکان چاك بکرێنەوە، یابڵێن بۆشایی تێدایە و پڕ بکرێنەوە، یان پێمان وابێ بە هەندێ ڕیفۆرمی لاوەکی و لاواز دەتوانرێت چارە سەر بکرێت.

بە بۆچوونی من سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا نەك ئێستا، بەلکە دەمێکە وەك کۆڵانێکی بنبەست و تاریکە و مرۆڤێکی ئاسایی لێی دەرباز نابێت. لەناو سیستەمی پەروەردەدا کە داڕێژەرەکەی ڕژێمی بەعس بووە و بەردەوامی ئەو ڕێبازەیە لەسەرتاپای وڵاتی ئێمەشدا کاری پێدەکرێت. ڕۆژانە قوتابخانەو دام و دەزگا پەروەردەییکانمانی کردوە بە کارگەی بەرهەمهێنانی کۆیلە.

مرۆڤ، لەو سیستەمە پەروەردەییەدا بەهای نیە، کە بەهایشی نەبوو ئیدی نەئەرك و نە ماف ئاسایی مرۆڤی دەبێت. منداڵ وەك چۆن لە سیستەمی باوکسالارانەی خێزاندا ( کە لە وڵاتی ئێمەدا بە ئەندازەی  سەد لە سەد پەیڕەوی دەکرێت) کەرەستەیەکی خاوی (وەکو قووڕیاری) بەدەستی باوك و (دایکە)ەوە  و باوك چۆنی بوێ (دایك) لەو قوڕە ئەو مۆدیلە دروست دەکات. ئەو مۆدیلەش کە سەرگەورەی خێزان دەیەوێت کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ و بێداخوازی و پاسیڤە، نەك مرۆڤێکی بیرکەرەوە و چالاك و بزێو، سیستەمی ئێمەش لە وڵاتی ئێمەدا درێژە بە کۆتکردنی جەستەو گەشەنەکردنی بیر و دیلکردنی ڕۆحی منداڵەکان (مرۆڤەکان) دەدات.

بۆ هەریەکێك لەم قسانەی کە دەیانکەم بەڵگە پێویستە، لەبارەی بەڵگەشەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا گەیشتۆتە خاڵی بنبەست، مەخابن هێندە دەوڵەمەندین کە چواردەوری هەر مرۆڤێکی لە باشووری کوردستاندا ژیاو  پڕە لە بەڵگەی لەمجۆرە. هەر کەسیك لەئێمە کە لەقوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا فێرکراوین یادگاری سامناکی لەگەڵ مامۆستاو بەڕێوە بەری قوتابخانەکانماندا هەیە، بەڵام من لە هەموو ئەو بەڵگانەش دەبوێرم  و لە تازەترین بەڵگەکانەوە ئەو تیۆریە دەسەلمێنم کە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا "باشووری کوردستا" کۆڵانێکی بنبەستە و، بە رێفۆرم و گفتوگۆی سادە و بڕیارێك و دووان چارەسەر ناکرێت، بەڵکە ئاوەژوو کردنەوەی پێویستە.

لە باشووری کوردستاندا دوو وەزارەتمان هەیە بۆ پەروەردە، بەڵام بەهەردوکیانەوە و دوای 13ساڵ لە نەمانی بەعس لە باشووری کوردستاندا گۆڕانکارییەکی جەوهەریان لە سیستەمی مرۆڤخەسێنی پەروەردەدا نەهێنایە ئاراوە کەلەگەڵ دۆخی ئازادیو سیاسی "ڕێژەیی" لەوبەشەی لەکوردستاندا بگونجێت کە لەژێر کونترۆڵی کورد خۆیدابوو. ئەوەی ئەفسووسی گەورەی ئێمەیە وەك ڕووناکبیرانی بەتەنگەوە هاتووی کۆمەڵگەکەمان ئەوەیە کە بەم ڕۆژگارەش لەناو دامودەزگا پەروەردەییەکانی ئێمەدا تاوانی پەروەردەیی ڕوودەدەن و مافەکانی مرۆڤ، پێشێلدەکرێن. ئەمدۆخە کارەساتامێزانە پەیوەستە بە وەزارەتەکانی ماف مرۆڤیشەوە لەکوردستاندا، کە دەبوایە ڕۆڵێکی فشارهێنەریان بووایە لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە بەرەوئاقار و ئاڕاستەیەکی مرۆڤانە، کە هیوادارم هیچ نەبێ لەمەو دووا ئەو ڕۆڵە ئاساییەی خۆیان بگێڕن.

لەم بابەتەدا هەندێ  دەستەواژەی تایبەتی دێنمە بەرهەم کە دۆخی بە بنبەست گەیشتووی سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستان سۆنگەی دروستبوونیانن. دیارە من وەك پسپۆڕێکی ئەم بوارە ماف بەخۆم دەدەم لەم بوارەدا بە ڕاشکاوییەوە قسەبکەم و دەمەوێ لە میانەی ئەم بابەتەوە گوزارە لەو کارەساتانەوە بکەم کە ئەو سیستەمە دەبێتە سۆنگەی ڕوودانیان. لەناە ئەو دەستەواژانەش کە بەکاریان دەبەم و دەشێن بەوشەگەلێکی ئەم بابەتە  ئەمانەن:

### تاوانی پەروەردەی تراژدیای پەروەردەیی پەروەردەی کۆیلە سازبێ

## مشتێنموونە لە خەرواری تاوانە پەروەردەییەکان:

لێدانی منداڵ چ لەماڵەوە بەدەستی دایك و باوك، چ لە قوتابخانەکان بەدەستی مامۆستاو بە ڕێوە بەر دەبێ وەك تاوانی پەروەردەیی بژمێردرێ. منداڵ مرۆڤێکی بچووکە و ، نابێ بەهۆی بچووکی قەوارە و بێهێزی و پێنەگەیشتنی تەواوی ئۆرگانەکانییەوە لە لایەن گەورەکانەوە ستەمی لێبکرێت. لێدانی منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چ لەناو خێزان و چ لەناو قوتابخانکاندا هێندە بەئاساییەوە تێی دەڕوانرێت و ئەوەندە سیستەماتیکی پەیڕەوی دەکرێت وەك ئەوەی یاسایەکی سروشتی یان نۆرمێکی ئاسایی بێت. خراپترین دۆخی تاوانی ئازاردانی منداڵ ئەوەیە کە دایکوباوك و مامۆستا و بەڕێوەبەر و پەروەردەکاران وا پێناسەی بکەن کە لەبەر بەرژەوەندی منداڵەکە خۆی، یان لەبەر خۆشەویستی منداڵەکە ئازاری دەدەن. چونکە هەرگیز ئازاردان لە سۆنگەی خۆشەویستییەوە نابێت و ئاکامی پۆزەتیڤی نابێت لەرووی دەروونی و پەروەردەییەوە، ئیدی چ لەماڵەوە بێت و چ لە قوتابخانە. هەرگیز عەقڵ ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە لە پێناوی بەرژەوەندی و لەبەر خۆشەویستی لە کەسێك بدرێت. لۆژیك و عەقڵ و زانستەکان ئەمە قبوڵ ناکەن و، لەگەل پرینسیپە

گەردونیەکانی ماڤ مرۆڤیشدا ڕەوشتی ئازاردانی منالٚ، یان ئازاردانی مرۆڤ، بەگشتی لە دژایەتیدایە.

لە ولاٚتێکی ئاساییدا دەولٚەت ئەرکی خێزان کەم دەکاتەوە بەوەی کە سیاسەتێکی خێزانی داڕێژراوی هەیە و بە پلان و گونجاندن لەگەلٚ بارو دۆخی لەئارادا بوودا ئەو سیاسەتە ئالٚ و گۆڕی تێدا دەکرێت. لە کۆمەلٚگەیەکی مەدەنیدا و لەدەولٚەتێکی کە سیستەمی دێموکراسی بەڕێوە دەبات دەولٚەت و خێزان ، دەولٚەت و تاکەکانی ئەو کۆمەلٚگەیە. دەولٚەت و دامودەزگاکانی ناو ئەو کۆمەلٚگەیە لە پەیوەندی نێوان خۆیاندا پەیڕەوی یاساو هاوکێشەی ئەرك و ماف دەکەن. هەردولا بەرانبەر بەیەك خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن و چاوەڕوانیان لەیەکتر هەیە کە هاوکارو تەبابن لەکەلٚ یەکتدا و دانوستانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە نێوانیاندا دەبێت.

ئێمە لە باشووری کوردستاندا بەتایبەت لەو سالاٚنەی دواییدا خۆمان وەك خوازیاری سیستەمێکی دێموکراسی بۆ بەڕێوە بردنی ولاٚت و کۆمەلٚگەی مەدەنی هێناوەتە زمان. بەلاٚم زۆرکەم باس لەو میکانیزمانە دەکەین کەدەشی ببنە پێکهێنەری ئەو سیستەمە سیاسی، کۆمەلاٚیەتی، ئابووری و کلتووریەی کە لە کۆمەلٚکەی مەدەنیدا پەیڕەوی دەکرێت.

بۆ ئەوەی دەسپێکی بۆ وەگەڕخستنی ئەو پرۆسەیە دابنێن لەپێش هەموو شتێکیتر پێویستمان بە دەستنیشانکردنی هەلٚەو کەموو کووڕییەکانە. ئینجا ڕێگری و ئاستەنگەکان. ئەوەی کە بۆمن زۆر ڕوونە و بۆ هەموو بەدواداچوویەك و بەتەنگەوە هاتوویەکی کۆمەلٚگەی کورد ڕوونە، ئەوەیە کە کلتووری بەعس لەماوەیەکی درێژخایەندا بە هەموو ئامرازە باوو ناباوەکان کەسایەتی مرۆڤی ئێمەیان شێواندوە و، بەتایبەتیش لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە کەسایەتی نەوەکانی ئێمەیان ژەهراوی کردوە.

بۆیە ناکرێ بلٚێین تەنها ڕیفۆرم بۆ ئەم سیستەمە پێویستە، بەلکە بە دلٚنیایی و سووربوون لەسەر ئەوبۆ چوونەوە دەلٚێم کە هەلٚوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە و بنیاتنانەوەیەکی نوێی سیستەمێکی مودێرن و هاوچەرخ بۆ کۆمەلٚگەی ئێمە پێویستە. ئەگەر بەڕاستی خوازیاری کۆمەلٚگەی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسین و مەبەستمانە بەستانداردێکی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، مامەلٚە بکەین و پرنسیپیە گەردوونییەکان لەبەرچاو گرین و، ئەگەربەڕاستی هەمووومان ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان نیگەرانی نەوەکانی داهاتووی کۆمەلٚگەی کوردێن، پێویستە درەنگتر نەکەوین و هیچ نەبێ ت ئیستا دەست پێبکەین.

بەلاٚم ئایا گۆڕانکارییەکی لەمشێوەیە بنیاتنانەوەی سیستەمێکی مرۆڤانە، ژیاندۆستانە، ئاشتی خوازانە، سیستەمێکی ڕاشونیل (عەقلاٚنی) بۆ پەروەردە بەکێ دەکرێت؟

ئایا ئەو کەسانەی کە بەتێڕوانینێکی باوکسالارانەوە دەڕواننە نرخی مرۆڤەکان دەتوانن سیستەمێکی جیاواز لەوەی کەئێستا مرۆڤ، دەکات بەکۆیلە و سەدان تاوانی پەروەردەیی تیا ڕوو دەدات، بنیات بنێن؟

## ئایا سیستەمی پەروەردە بەیەککەس و تەنانەت بەچەند کەسێك دەگۆڕدرێت؟

لۆژیکییە وەلاٚمی ئەوپرسیارانە نەخێر بێت. چونکەلۆژیکی نیە کۆنخوازێك کاری بنیاتنای سیستەمێکی مودیڕنی پێبسپێردرێت. لۆژیکی نیە یەك کەس، یەك گرووپی چەند کەسی ئەگەر پسپۆڕ و داناش بن سیستەمێك سەرلەبەر هەلٚوەشێننەوە و یە کێکی تەواو پێچەوانەی ئەوە بنیاد بنێنەوە. گۆڕینی سیستەمی پەروەردە سەدان پسپۆڕی بوارەکانی پێداگۆگی، سۆسیۆلۆگێ، سایکۆلۆگی، بەتایبەت و بوارەکانی تر بەگشتی پێویستن لەبنیاتنانەوەیدا، پلانێکی پەروەردەیی تەنها بە وەزیرێك و دوان و سیان دانانرێت، بەلٚکە کەسانی پسپۆڕی بواری پلانڕێژی ئۆرگانیزاسیۆن کە هاوکات پەروەردەکاریش بن دەتوانن کارابن لە دانانیدا، تەنها لە ڕێگەی هەرەوەزییەکی زانستی و زنجیرەیەك تراژدیای پەروەردەیی دەروونفراوانی و سنگفراوانیەکی دیموکراسیانە دەکرێت میکانیزمەکانی ئالٚوگۆڕی ڕیشەیی سیستەمی پەروەردە دەستنیشان بکرێت و دەست بە هەنگاوەکانی بکرێت. دەنا قەیرانی سیستەمی پەروەردە لەوە زیاتریش کە ئێستا هەیە دەخنکێت و نەوەکان دەخنکێنێت.

## زنجیرەیەك تراژدیای پەروەردەیی

تەنها لەم شەش مانگەی دواییەدا لە ڕۆژنامەکانەوە هەوالٚی ئەم تاوانانەی پەروەردەییانە بلاٚو کراونەتەوە کە من لەخوارەوە وەك نموونە دەیانهێنمەوە و، وەکو بەلٚگ ەئاماژەیان پێدەکەم و کومینتار شیکردنەوەی خۆمیان لەسەر دەکەم، ئەمە جگە لە سەدان نمونەی دیکە کە ناهێنرێنە ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان و لە تاریکیدا دەمێننەوە.

## نمونەی یەکەم دارکاری بەکۆمەلٚ

بەڕێوە بەری قوتابخانەیەك (دواناوەندی زەلٚمی کچان) دارکارییەکی بەکۆمەلٚی کچان دەکات لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەوکچانە لەگەلٚ کوڕانی هاو تەمەنیاندا لە ڕۆژێکی بەفر باریندا یاری شەڕە تۆپەلٚیان کردوە. لەبەدوادا چوونی ئەم هەوالٚەدا کە هەفتەنامەی هاوولاٚتی تیشکی خستبوە سەری، بەڕێوەبەری ئەوقوتابخانەیە ناڕزایەتییەکی توندی خۆی بەرامبەر ئەو شەڕە تۆپەلٚە دەربڕیوە و زۆر بەنەشیاوی زانیوە کە کچان لەگەلٚ کوڕاندا یاری بکەن. هەروەها بەهەستێکی شەرمەزارییەوە لەو کچانەی قوتابخانەکەی دەدوێت کەنامەی دلٚداری پێوە گرتوون و هەستی خۆشەویستی خۆیان بۆ کوڕان دەربڕیوە. ئەو بەڕێوەبەرە (پەروەردەکارە) وەك خالٚێکی پۆزەتیڤی خۆی باسی ئەو دارکاریکردنە بە کۆمەلٚە دەکات و دەلٚێت کە گوایە قوتابییەکانی خۆش دەوێت لە بەرژەوەندی ئەوان ئەم ئیدانەی بەڕەوا زانیوە!

**کومینتاری شیکردنەوە** لەم نمونەیەدا دەتوانین ئەم خالاٚنە بێنینەوە کە زۆر سورشتین کە کچان و کوڕانی قوتابی وەك ئاکارێکی ئاسایی و سروشتی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆیان ئەنجامی دەدەن و هیچ سەیرو سەمەرە نین تا دایکوباب، یان بەڕێوەبەری قوتابخانە پەسەندیان کات:

1 = کە کوڕانو کچان حەزدەکەن پێکەوە یاری بکەن، ئەمە لە سروشتی ئەواندا وایە هێزێکی ڕاکێشەری سروشتی لەنێوانیاندا هەیە و ئەمەش زۆر پۆزەتیڤە بە گەشەکردنی کەسایەتی دەروونی هەردولایان.
ڕێگە گرتن لەم پەیوەندیە سروشتیە ناکامی دەروونی پەروەردەیی زۆر خراپی لێ دەکەویتەوە، بەوەی کە بەربەست لەڕێگەی گەشەی کەسایەتی هەردوولایان دادەنێت.

2 = حەزکردن بەیاری و شەڕەتۆپەڵ هێمای سروشتی ئەولاوانەیە و ، سروشتدۆستی بەمانای ژیاندۆستی و گەشبینی و بزێوی فیزیکی و دەروونی لاوانە. ئێمە دەبێ زۆر دڵشادبین کە لاوانمان بزێوبن و حەز بە سروشت بکەن و چێژ لەدیاردەکانی سروشت وەر بگرن و لە ڕۆژێکی ساردی زستانی و بەفربارینددا بەهۆی یارییەکی شەڕەتۆپەڵەوە خۆیان و یەکتری شادبکەن و پێبکەنن . مامۆستایەکی ڕۆشنبیر پێویستە گەشکەبیگرێ بە بزێوی‌و گەشبینی قوتابیەکانی نەك بەپێچەوانەوە.

3 = خۆشەویستی سیفەتێکی هەرەجوانی مرۆڤە و مرۆڤ، بەبێ خۆشەویستی وشك دەبێتەوەز کە کچان و کوڕان نامەی دڵداری بۆ یەکتری دەنێرن و هەستی خۆشەویستی بۆ یەکتری دەر دەبڕن، مانای ئەوەی ئەوان پڕن لە گەشەو ئەڤین، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە لاون و لە سەرەتای دروستبونی ناسنامەدان پێویستیان بەو خۆ دۆزینەوە هەیە بۆ یەکتری. کچان و کوڕان لەو نامانەدا و لەناو ئەو هەستە چڕەدا کەبۆ یەکتری دەردەبڕن، گوزارە لە ناوەوەی خۆیان دەکەن و لە هەوڵی خۆدۆزینەوە و بەرجەستە کردنی ناسنامەی خۆیاندان. بۆیە هەر بەربەستێك لەم بووارەدا زیانێکی زۆر بە ناسنامەیان دەگەیەنێت. مامۆستایەکی هۆشیار چۆن دەبێت ڕێك بە پێچەوانەوە بڕوانێتە ئەم دیاردەیە و بە شەرمەزاری بزانی کە کچێك نامە بۆ کوڕێك بنووسێت.
4 = کە کچان و کوڕان لە لایەن مامۆستاوە لێدەدرێن لەسەر هەڵس و کەوتە سروشتییەکانی خۆیان و دەربڕینی هەستە سروشتیەکانیان، بەتایبەتی لەو قۆناغە هەرەناسکەدا کە قۆناغی دروستکردنی ناسنامە بۆ ئەوان تووشی دۆخی دەروونی باوەڕ بەخۆ نەبوون دەبن و، وەك کەموکووڕییەك لە درێژەی ژیانی داهاتوویاندا ڕەنگ دەداتەوە. کچان و کوڕان ئەگەر چی لەو تەمەنەدا کە لێدانەکەیان خواردوە خۆیان بێباك پێشان بدەن و گاڵتە بە مامۆستاکەش بکەن و پێی پێبکەنن (وەك بە ڕێوەبەرەکە گوزارەی لێکردوە). بەڵام لە هۆشی ناوەوەیادا وەك کەموو کووڕیەك دەچەپێت و درەنگتر لە کەسایەتیاندا کاردانەوەی نیگە تیڤی دەبێت.
ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو وەك دارکاریکار پێچەوانەی ئەوڕۆڵەیە کە دەبوایە هەیبێت وەك پەروەردەکارێك، لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە پێچەوانەیەدا و ئەو ڕەفتارە نا پەروەردەییەدا ئەم کیشانەی خوارەوە دەکەونەوە:
1 = خۆشەویستی لەناو خۆی و قوتابیەکاندا دەکوژێت.
2 = متمانە بە قوتابیەکانی ناکات و متمانەی قوتابیەکان دەدڕێنێت.

3 = ڕێنگە لە خۆشەویستی نێوان قوتابیەکان (کوڕوکچەکان) دەگرێت و بەمەیش ڕێگەی لە خۆدۆزینەوەی قوتابیەکان گرتووە.
4 = ڕێگەی لە گەشەی فیزیکی قوتابییەکان گرتوە بەوەی کە ڕێگەی لە یاری کردنیان گرتبێت. وەك ئاشکراشە کەیاریی، بەتایبەتی یارییەکی وەك شەڕەتۆپەڵ وەرزشێکی بەسوودە بۆ لەشی قوتابییەکان و پێویستە بۆ گەشەسەندنی فیزیکی مرۆڤ. هەروەها لە ڕێگەی یارییەوە فەنتازیای قوتابی گەشە دەکات، مامۆستا ڕۆڵی فەنتازیا کوژی قوتابییەکانی دەبینێ
5 = بەو دارکارییە گومانێکی گەورەی لەسەر مامۆستایی دروستکردوە. مرۆڤ، لەدۆخی مامۆستایی وادا ڕادەمێنێ و دەپرسێ گەلۆ مامۆستای لەو شێوە دەشێن بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەیەك. یان خۆیان پێویستە پەروەردە بکرێن؟
6 = مەخابنێکی زۆر لامان دروست دەبێت کەمامۆستای لەو جۆرە کە (بەداخەوە کەمنین) لە ڕووی ڕۆشنبیری دەروونییەوە چەند کەمزانیارین. بە هەمان شێوە لە ڕووی زانستەکانی پەروەردەییەوە چەند کلۆڵن.

## نموونەی دووەم: پەروەردەی دژە زانست

مامۆستایەك لە دوو قوتابی دەدات و لە قوتابخانە وە دەریان دەنێت و نمرە لە ڕەوشتیان دەشکێنێ لەبەر ئەوەی کتێبێکی ڕۆشنبیری سیکسی بەدەستیانەوە گرتووە!
کۆمێنتار و شیکردنەوە لەم هەواڵەدا ئەوخاڵانە دژە وتار و دژە گفتار و سەرنج ڕاکێشن:

1 = ڕۆشنبیری سیکسی کە دەبووایە بەشێکبێت لە پلانی پەروەردەیی و لە قوتابخانەکانەوە منداڵان فێر بکرێن و لە گەشەکردنی ئورگانەکانی لەشی خۆیان ئاگادار بکرێنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە قەدەغە و بڤەیە.
2 = لاوان وەك دۆخێکی ئاسایی و لە تەمەنێکی دیاری کراودا کە لە گۆڕانکاریەکانی لەشی خۆیان سەرسام دەبن و بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ناخی خۆیان ویڵ دەبن و لە ڕێگەی کتێبەوە هەوڵی وەدەسهێنانی دەکەن، واتە زانیاری خوازن و ئەمەش کارێکی پۆزەتیڤە کەچی مامۆستا لەسەر زانیاریخوازی سزایان دەدات.

3 = کاتێ مامۆستا لەسەر کتێبێکی ڕۆشنبیری سیکسی نمرە لە رەوشتی قوتابی دەشکێنێت ، مانای ئەوەیە لای ئەو مامۆستایە ڕەوشت بریتییە لە سیکس و ئەندامی سیکسی مرۆڤەکان، نەك بە بەها گرینگەکانی تری وەکو ڕاستگۆیی، دەستپاکی و هتد. کەئەمەش تێڕوانینێکی ناڕاستییە بۆ ڕەوشت و بۆ سیکس، کە مەخابنە مامۆستا تێڕوانینی زانستیی وابێ و نەوەیەکیش لەبەر دەستی دابێت.

با چاوەڕوانی پاشماوەکەی بن

# چمکێکی چکۆله له ڕۆمانی

# ســـــــارا

## بەشی نۆهەم



نووسینی عەلی کیتابی

کاتژمێر 11ی پیش نیوەڕۆیە هیشتا تەپونم هەردەباری خالۆ براخاس سەرێك لە حەوزی مزگەوت دەدات ، کە کەلاکی گەمالبۆر دەبینێ تەم و خەم بان دیدە و دلی دا دەگرێ. کە تماشای وەشتی بەوادەی پایزی دەکا، دەبینێ پەڵەی‌داوە، فەرێحی دەکەوێتە دلی. کە دێتەوە ماڵەوە بەژن و باڵای ئەحمەد دەبینێ لە مۆلەکەی مەرگ خەلەساوە ئەشکی شادی بە چاوەکانیدا دێتەخوار. دەست دەخاتە سەر شانی و دەڵێ:

جا ئێستا، تۆخوا پێم بڵێ بەم سوای صاڵحانە چۆنبوو گەیشتیە ئێرە؟

= ئەحمەد دەڵێ تۆ چۆن بەشوێن مەرو بەرانی ونبوتدا گەیشتیە دۆڵی دەرەکوردان، بەناوەخت بوویتە میوانی‌من! منیش بەدوای ونبووی خۆمدا ناوەخت و"مەحمەساوی" بوومە میوانی تۆ. مام براخاس وتی:

= دەك خەجاڵەتخۆم ، کاکەحمەدگیان ئەم بەیانیە کەوتمە ناو کارەساتێکی نکریس وەختبوو تووشی ڕوداوێکی دڵتەزینی ئاوەهابم بەحەیاتم نەتوانم خۆم ببەخشم، ئیستا دێتەوە یادم بەهاری پێرارەکە من بۆماوەیەك شوانی کوتەڵە ڕانەکەی خۆمان بووم شەکمەڕ و برانێکم لێونبوون چوارمانگ بێسەروشوێن بوون تا ئەوکاتەی بۆ کەرویشکەڕاو ڕومکردە شاخ و شەخەڵی (دەرەکوردان و شێخەڵتاریك) تۆ بەنان و شیرکی خەست و خۆڵی پایزی میوانداریت لێکردم. ئەوەبوو بە مرقوهۆڕی نیری و بەرانی کەڵەهەرزی پایزی ناو ڕانەکەتدا منیش ونبووەکانم هاتەوە هۆش و پرسیارم لێکردی تۆیش وتت:

شێوەو دروشم و داخی مەڕوبەرانەکەت چۆنە؟ منیش وتم: بەرانەکە "پەرە" و مەڕەکەش شەکمرێکی گوێشۆڕی چاوڕشە، هەردوکیان گوێی ڕاستیان پشتکەلکراون. تۆیش وتت ئەوەتانێن لەناو ئەم ڕانەی مندان. تاکو ئیستا لە شوانەکانی چاپانچانگەل، ئینچکە و کەریماوا ، مەحمووا، دەرەوەزان و شێخەڵەم پرسیوە. بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا کەس وەك تۆ نیشان و دروشمی ئەو شەك و بەرانەیان بەمن نەداوە منیش وەك ئامانەتدارێکی بە وژدان، وەك گلێنەی چاوم پاراستومن. ئیستا کە تۆ بە هەڵکەوت هاتی و تووشی من و ونبووەکانت بووی منیشت ڕزگار و سەرەفرازکرد.

کە دیسانەوە مام براخاس دەستی‌دەستۆی ئەحمەد کرد و گشت خاووخیزان بە چاوێکی ماڵاماڵ لە شەوق و خۆشەویستی نوارێیان بە سەر و سیمای ئەحمەدا، سەعی سۆفی‌ساڵح هەستایە سەرپێ و دەستاودەستێکی لەگوڵ ئەحمەد کرد و وتی:

کاکەحمەد گیان بەخوا باشتروایە ئیتر من بروم چونکە تەنیامن بێگانەم لەناوتانا، ڕەحمەت لەقەبری ئەو پێشینانەی وتویانە؟ میوانی غەوارە و خانەخوێ ئەگەر شەجەرەی خۆیان خوێندەوە یان بە خزم یان بە دوژمن دەردەچن.

+ + +

دووشەو و ڕۆژە هەورو هەڵایە و تەپ و نم، باران و وەشتی پایزی ئەحمەدی گیرداوە و میوانی مام براخاسە. مامبراخاسیش بۆ ئەوەی ڕێپ و گەوزاندن و گەماڵ بۆر و تاژیە ڕەشی پێرێ و ئامانەتداری و میوانداری ئەوسای ئەحەدی لە دۆڵی (درەکوردان)ی بەباشی قەرەبوو کردبێتەوە، هێندە پەزێراییەکی بە ڕێزو حورمەت لە ئەحمەد دەگرێت، دەڵێی (عەلیخانی هەمەوەیسی) میوانیەتی. پاش دوو شەو و ڕۆژ ئیستا ئیتر باران هەڵیبرنگاندوە، هەتاو هێزی لاوازی پایزی خۆی خستۆتە سەر کێڵگەی داچینراو، تۆوی داچێنراوی ناو وشکەوەردی ئاوس کردوە. جووتیاران هێندە شادن، دەڵێی ژنەکانیان بەسکێك دو کۆرپەکوری کاکۆڵ زێرینیان هیناوەتە دنیاوە. ئەحمەد خۆی بۆ سەفەرەکەی کۆدەکاتەوە و دەڵێ:

مامبراخاس، سوپاس بۆ میواندایەکەت، کاتی ئەوەیە من زەحمەتەکانم کەمکەمەوە، خۆزیا بەمزوانە سەرێك لەدایکە پیرەکەم بدەی گشت شادی و تامو چێژی ئەم میواندارییەی خۆتت بۆ بەیان کردبا پێت بتوتایە تادواڕۆژەکانی مانگی خاکەلێوەی داهاتوو چاوەڕوانی گەڕانەوەم نەبێ. سەرەنجام مام براخاس و خاوو خێزانی ئەحەنیان بەڕێکرد.

+ + + +

کە دەگاتە گوندی ماسیەری‌شێخ سووکە سەردانێکیش لەماڵی مام نادر دەکات، لە بەرە بەیانێکدا لەگەڵ کاروانێکدا بەرەو پینجوێن وەڕێ‌دەکەون. کە لەملەی گاکوژان و سیامەر و دەرەڕا تێپەڕین کە بە دیقەت (دەرەڕا و ڕزڵە و ڕۆستەمبەگ کوژراو) دووجیاوازی ئیستا و دووساڵ پیشتری ئەم هەرد و بوومەی دایە بەر سەرنج. ئەوسا پایزان پەزو پاتاڵی خێڵەجاف ئەم هەردو بوومەیان وەها لێساولێ ئەدا کیش و هەوریت بەسەردا ڕاکێشابا مەعازەڵا پووشی‌پێوە نەدەلك .بەڵام ئێستا دەڵێی مازندەرانە پوش و پوار و نێرکە مەندۆك و کەماولۆ، دەڵێی قەڵەمستانی پەڵك و چناری چەندساڵەیە. کارەشی دەڵێ:

ئەحمەدگیان لەبیرتە پێرارەکە پایز کە لێرەوە ڕەتبوین ئەم دەشتی ڕۆستەمبەگ کوژراوە چۆن بوو؟ نە قەبرستان دیارە، نە ئەو گشتە کێڵە بەرزوبڵیندانە؟ ئەحمەددەڵێ:

کارەشی گیان ئەوە بۆ پێرە دەڵێن دەشتی ڕۆستەمبەگ کەژراو؟

کارەشی لابەلا سەاری کەرێکە کە برێك کەشك و برۆێش شەلەم و دۆینەی کردۆتە ناو (تێرێك) و لە ژێر قنگیدایە بریارە بە دیاری بۆ ماڵ مام ڕەمەزانی بەرێت. بەسەر کەرو تێرەکەوە برێك خۆی دە خونجێنێت و دەڵێ:

دادەی کاکەحمەدگیان بە قوربانتبم با دابەزین لەسەر ئەم کانی ە ئاوەی داوێن دەشتی ڕۆستەمبەگ کوژراوەدا خۆمان ئیسراحەتێکی بۆبکەین چایەکی بۆ لێنێن و گویدرێژەکانیشمان تێربلەوەڕن. با بە ئیسراحەت باسی ڕوداوێکی گرنگتان بۆ دەکەم کە ئالەم دەشتەدا ڕوویداوە.

لاوێکی قۆشماخ و قسەخۆش بە جەفەگەوە وتی:

خالۆ ڕەشیگیان بێگومان ئیمشەو لە گوندی میشیاو لە ماڵی مامرەمەزانی زاوات میوان دەبین. ئەگەر مام ڕەمەزان بەهۆی سەرقاڵی و میوانداریەوە، ئیمشەو نەیپەرژێ کورتەکێکت بۆ بدووریَ .. بەیانی دەشتی گۆخلانت بۆ تەیناکریَ. خالۆ ڕەشی بە پێکەنینەوە دەڵێ:

دەك ماڵت شێویَ بۆکەریت، ئەو کاروانچییەی هەر ئێوارە تۆشەو تەلانی سەفەری بۆ تێنەنرابیَ و لە خێڵ خەوتنان بەولاوە بە دیقەت کورتەکی بۆ نەدوورابیَ چۆن دەتوانیَ لە ناو هەر لاشیوەڵ و پووش و پلاشێکدا لە هەر بن مازوارێکدا کە میوانخانەیەکی بەلاشە بۆکاروانچی بە پیچەوانەی خانی خاشەرافەت لەشاری سەقز کە بیجگە ل کرێی تەویلە بۆ کەرەکان و کرێی لێفە بۆ خەوتنی خۆت، بۆ هەر چگێك کا بۆکەرەکانت پێنج قران پوڵیشت لیَ دەستێنن.

بۆچی مەگەر شەوی ڕابووردوو دوای ئەوەی دایکت تۆشە و تەلانەی سەفەری بۆ پیچایتەوە و چراکەی کوژاندەوە. لەکەڵ باوکتدا کورتەکیان بۆ نە دووراندی؟ چەند خۆشە کاروانچی بیَو کورتەکت لەبەردابیَ و شەو لەبەر کلّی گەورەی دارەوشکە و گیزەگیزی کتری لەسەر پۆلووی بەرواری بێمنەت، نە کرێی (خان) نە پوولّی کاو جۆ بدەی، پەیتاپەیتا چایی ڕەش بە قەندی ئەبوفنجانی لەندەنیەوە هەڵقوڕێنیَ. بێمنەتیش لە خانەخوێی چاو چنۆك کە هەر چاوی بەدەم میوانەوەیە تا بزانیَ چەن کولّۆ قەن بەچایەکەوە دەخوات.

لەسەر خواستی مام ڕەشی تێکرا لە سواری کەرەکانیان دابەزین خورجین و بنباریان لە دەوری کانیەکە دابەعەرزا و ئاگرێکیان لێکردەوە. کە ئاگر بووبە کۆگایەك سکلّ بە ریز کتریان لە قەراخی دانا. زۆر زوو کتریەکان هاتنەکوڵ و چایی دەمی کێشا، کورگەل بەدەم چایی شیرین وکولێرە چەورەخواردنەوە گشت گیانیان کردبووە گویچکە و بۆ خالۆ ڕەشیَ یان شل کردوە بۆ موعەما و مێژووی ڕۆستەم بەگ و دەشتی ڕۆستەمبەگ کوژراو. خالۆ ڕەشی چاوێك بە کۆڕی کاروانچیانی چایی و کولێرە خۆر دا دەخشێنی و سەرنجی لەسەر، سەروسیمای ئەحمە دەوەستێنیَ و دەڵێ:

وەك من لەبابمەوە و بابیشم لە بابیخۆی و خەڵکانی پیر و بە ساڵاچوانی هاوچەرخ و دەم بەدەم و پشتاوپشت بۆ ئێمە مانانیان گێڕاوەتەوە. بنیادەمەکانی قەدیم لە گشتی و ئێستا بە کەمی، وەك حەیوانی کێوی بەتایبەت مەڕە سوور و قازو قولینگ و پەلەوەرە بەحری و بەرپیەکان و بەشێکی زۆر لە گیاندارا زۆر دەق لەکاتی تایبەتیدا گەرمیان کویستانیانکردوە. لە ڕۆژگارانی کۆنەوە تا پارو پێراریش گشت عێلی کۆچەری جاف بەهران دەهاتنە ئێرە. پێرارەکە لەگەڵ ئەم کاکەحمەدی حازریە لیرەوە ڕەد بوین، ئەم کەژو کیوە وەها لێساولیس درابوو دەتگوت قەت گیای لێنەرواوە. پاشماوەی گەرمیان و کوێستانکەرانی ئەوسا، ئەوجافە کۆچوریانەن کە هەرئێشتایش وان لە دەشتی پێواز و دەورو بەری کەرکووك و کفری و کەلار.

دەڵێن ڕۆستەمبەگ یەکێك لە سەرەکهۆزە بەناوبانگەکانی عێلی جاف بووە. کە بە جەربەزە و ئازایی بەناوبانگ بووە. هەمیشەو دایم زوڵمی لە هۆزەکانی دەورو بەری کردوە. کام کانی و ئاوو لەوەرگە بژوین و باش بووە بە زۆر بۆ خۆی و هۆزەکەی داگیری کردوە. هەروەها (چەڵەوی) کە سەرەکهۆزی عەشیرەی (هەمەوەند) باوکی شەریفی ڕەنان، پیاوێکی جوامێر نەك تەنیا خۆشەویشتی هۆزی هەمەوەند، بەلکو خۆشەویستی گشت هۆزەکانی جاف بووە. تا ئەو ڕادە گشت هۆزەکانی دەورو بەری سەری تەعزیم و نەوازیشیان بۆ دانەواندوە.

ڕۆستەمبەگ ئەم پیاوە باش و بەناوبانگەی لادەبێتە مۆتەکەی مەرگ! هەرکات لە هەر مەجلیسی کۆبوونەوەی سەرکۆمارەکاندا باس لە جوامیری و لێوەشاوەیی چەڵەوی دەکریَ، ڕۆستەمبەگ وەك ژێیکەوان گرژ دەبێت و سمێڵە ئەستوورەکەی بە ددان دەجویَ. ئەم ڕق و قینە بێئەوەی دوژمنایەتییەکی مێژینەیان بووبیَ، بێئەوەی چەڵەوی ئاگای لێبیَ بۆچی؟! بیَ ئەوەی چەڵەوی ئاگای لە خۆی بێت. لە بەهارێکی خۆش و خورەم و لە کاتی خێڵ بەرەوژووردا، کە گشت دەشت و داوێنی چیاکان بە گوڵاڵەو هەلاّلە سوێسنە هەلاّلە برمە ڕازاونەتەوە. تەتا مامزو مەڕەسوور و پەلەوەرەکانیش بەرەو هاوینە هەوارەکانیان هەڵکشاون و بەڕێوەن.

لە بەرە بەیانێکی کورتی بەهریدا، کە چەڵەوی لە باخەڵ هاوسەرە سکپڕەکەیدا لەژێر دەواری حەوت ئەستون و لە شیری خەوی بەرەبەیانی بەهاریدایە. ڕۆستەم بەگ بە پێی پیلانیکی لە مێژ و تازە داڕێژراودا. بە ڕمی نووکتیژی ژاراوی تایبەتی، بە هەموو هێزی سینگی چەڵەوی بە دۆشەك وقالیچەی دەسکردی خۆماڵی و چیمەنی سەوز و نەرمی ژێر دەوارەکەیا دا دەدوورێنی! چەڵەوی چاوبەخەو هەرچەن تەکان لەخۆی دەدات تازە تەکانی بۆ هەمیشە بڕاوە.

خاتوو ڕەنانی ڕۆژە ڕەشی دووگیانیش جگە لەوەی بەهەموو هیزی بقیژێنیَ، هۆزی خەواڵووی هەمەوەند لە خەو ڕاچەڵەکێنیَ. دیار هیچ دەستەلاتیکی نابیَ. تا خێل دەڕازێن و دەسازێن و وەخۆ دەکەون. هەیهوو ڕۆستەمبەگ لە دەسڕەسیان دەترازیَ.

پیلانە گلاو و گەلالە گیراوەکەی ڕۆستەمبەگ زۆر زیرەکانە و کوتوپڕ کۆتایی پیَدێت. لە کاتێکدا دوو زلهۆزی هەمەوەند و ڕوخزایی لەبەرابەر یەکدا ڕادەوەستن. ڕۆستەمبەگ زۆر فێڵبازانە داوای سولح و *سەفا دەکات و دەڵێ:*

*من تاوانێکم کردوە خوێنی چەڵەویم وە ئەستۆوەیە ئیستا گەردنم لە موو باریکترە . ئالەم کاتەدا کاڕشی ڕو دەکاتە ئەحمەد و دەڵێ* کاکەحمەد گیان تۆ منت کرد حیکایەت خوانی خۆت و چایەکیشم بۆ تێناکەی تا قورگمی پیَ بخووسێنم.ئەحمەد کە گشتگانی کردۆتە گوی بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەساتە سامناکە پەتی خەیاڵی دەپسیَ بەلام وەخۆ دیتەوە و دەڵێ:

ئەی بەچاوان هەر ئیستا چای تازە دەمت بۆ تێدەکەم . چایەکی بۆ تیچدەکا و دەڵێ:

دەی خالۆ گیان ئیتر ئەو دوو هۆزە لەیەکیان نەکوشت خێرا ئاو کراەسەر ئاوردا!. کارەشی دەڵێ:

بەڵێ بە پیَ ڕەسم و یاسای ئەوساە ئێستایش، ئەگەر تاوانکار ئیعتیراف بە تاوان بکات و بڵێ تاوانکارم و حازرم تاوان بدەم ودوژمنایەتی ناکەم. ئیتر دیار خۆ خوینی پیاویك مقداری پارە و کچێك یان خوشکێکی تاوانبار دەدریَ بە کوڕ یان برای کوژراو. یان ئەگەر کوژراو زۆر کەسێکی

گەورەبێت دوو کچ یان دوو خوشکی تاوانکار دەدرێ بە کوڕ یان براکانی کوژراو و ئیتر سەلح دەکرێ و ئاە لەئاو تەکان ناخوات.
سەرەنجا چەن سەر ەزو پاتاڵ و کچێك دە دەنە برایەکی چەلەوی. برایش سواری سمتی کچە ڕوخزایی لەخویندا دراو دەبێ کاکەیشی فەرامۆش دەکا!.

خاتوو ڕەنانیش نۆمانگ و نۆ ڕۆژی تەواو دەبێت و کۆرپە کوڕی ئاواتی چەڵوی دێردی دێتە دنیاوە. ئەو شێرە ژنە شەرت دەکات، تا ئەو ڕۆژەی دایدیلنە ناو گۆڕەوە لە گەڵ هیچ پیاوێك دا سەر نەکاتە سەر سەرین. کە شەریفی کوڕی خۆیناسی، ڕوداوە دڵتەزێنەکەی باوکی وەك دیمەنێك دێنا پێشچاوتاقانەکەی. فرمێسکی قەت وشکاونەهاتوی بەسەریدا هەڵدەڕژاند. شەریفیش دڵخۆشی دابکی دەدایەوە و دەیگوت.
دایەگیان بەس فرمێسك هەڵوەرێنە. شەرتبێ لە سەر شەقام و شوێن و سەر ڕێگەو ڕەپیڵگەیەکدا کە گوزەرگای هات و چۆی جاف و گۆرانبێ، وا تۆڵەی باوکی خۆمت بۆ بستێنمەوە. بۆ هەمیشە لە لاپەڕەکانی مێژووی جافا بینەخشێنم.
شەریف مابنەکەی باوکی وەها بەخێو دەکرد، کەس باوەڕی نەدەکرد ئەم ماینە هەر ئەومابنەیە کە سالیانێك لە مەوپێش چەڵەوی پەسەندی کردوە و هەڵی بژاردوە و تالیمیداوە، تا ئێستاش لەبەر دەوارەکەی خاتو ڕەنانی ڕەشپۆشدایە.خاتوڕەنان هەرلەو ماینە جوانوو ئەسپێکی ڕەشکوێتی داوین سپیی (گوێلاری زکماکی) بۆ شەریفی کوڕی پەروەردە کردوە. گەرچی بە هەیکەل شەشدانگ نییە بەڵام، بە هەیبەت و توند و تیژی ئەسپی وا بەچاو نەبینراوە.
شەریف لە 11 ساڵییەوە تا 18 ساڵی بۆ ماوەی حەوت ساڵ خەریکی خۆبارهێنان لە بواری سوارچاکی و تیرهاوێشتن و شمشێر بازی و ڕموەشاندندا بلیمەتێکی بێوینە و هەڵکەوتوو بوو، هیندە لاویکی ڕەندو مەند بوو، خۆهەڵدان و خۆ نواندنی، لا شەرمەزاری بوو.
بەبێ ئەوەی کەس بیناسێ ساڵی جارێك سەری لەکویستان و کۆنە هۆبەو هەواری ئەوساو ئیستای ڕۆستەم بەگ و بابی خۆی دەگرێتە ژێر چاودێری.
ئیستا ئیتر شەریف خۆی بۆ تۆڵەسەندن ئامادە تەیار کردوە. ئەسپەکەی کەناوی (عەنەزەیگوێلار)ە دویباتە لای وەستایەکی بەناوبانگی ناڵبەند و دەڵێ:
ئەمە گەرەکمە (ئیچوونێك) ناڵ و بزماری تایبەتیم لە ئەڵماس و سووك و سەقاوەتم بۆ دروست کەی، تاکو ئێستا بۆ ئەسپی کەس دروست نە کرابێت. شەریف بێئەوەی بزانێ وەستا یەکیکە لە دۆستانی گیانی بەگیانبی چەلەوی باوکی بوە و نا ڕاستەوخۆ خەمخوری خۆی و دایکیەتی . وەستا دەڵێ:
چاوەکەم ئەوەی شیاوی مەبەست و وتەکانی تۆ و ئەسپەکەت بێ ئیستا زۆر مەحاڵە بەڵام بەڵێن بێت ئەگەر توانیم تا حەوتوێکی دیکە بۆت ئامادەکەم.

پاش حەوتوێك کە دەڕواتەوە سەر وادە، بۆی ئامادەکراوە. شەریف، کۆشی کابرا پڕ دەکات لە لە دیاری.

\+ \+ \+

بەهارێکی خۆش و خوڕەم هاتۆتە پێشێوە، هەر لە لێواری دەشتی شارەزوورەوە، بگرە تا دەشتی پێنجوین و شادۆڵی شلێر، گشت شیوەڵ و دەشت و داوینی چیاکان بە چڵە و چادری ڕەشماڵی جاف ڕەنگین و ڕازاوەنەتەوە. هەواڵهێنەری تایبەتی شەریف، دەڵێ:
ڕۆستەمبەگ ئەم بەهارە زەماوەندی نوێ دەکات. بۆ ئەوەی هەرکاتێ ژنی نوێ بێنی ش یەکێك لە ژنە کۆنەکانی تەڵاق دەدات. تا شەرعەن سوننەتی ڕەسەلەڵای ڕیعایەتکردبێ. بڕیاری داوە بەمزوانە یان لە(ماڵەگەورە) یان لە (چکچەمە) زەماوەند بکات و بووکی تازە بگرێتە باوەش. خێڵی تەرخانی و ڕوخزایی لە شادۆڵی شلێرەو هەڵکشامن و لووتیان بە گەردەنەی (ناوخوان)ەوە ناوە. لە (ئەحمەد چاوەش) ئەمبەرەو بەری (بەردەسوڕنا)ی بەستام تاوڵیان هەڵداوە.
ڕۆستەم بەگ زەلامێکی بەساڵاچوو، کەڵەگت چاوو برۆ ڕەش، قەڤ سمێڵی بە بەرگۆناکانیەوە لەخوار بەڵگی گویچکەکانی تێپەڕیون لە سەرشانی نزیکبوونەتەوە.بۆ پرس و جۆی جیگاو شوێنی تایبەتی زەماوەندەکەی بە پیرە پیاویکی مەحرەمی ڕازی. کەبەسەر گاڵۆکەکەیدا چەماوەتەوە خەریکی ڕازو نیازە. کابرا دەڵێ:
= بەگم جا چە جێگایەك لەم کات و ساتەی ساڵدا، لەم داوێنی بەردە سوڕنای بەستامە لە ئیستا ئەمگشتە هۆزەی تێدا دابەزیوە باشترە؟
ڕۆستەمبەگ قەڤ سمێڵەکانی بادەدا و دەڵێ:
وە کەلامی خوا گومەزەکەی شێحەسەنە سوورەی مەولاناوا تۆ دەڵێی وای لە دڵی مندا! خۆیشم هەر ئیرەم لەبەر چاو گرتبوو. چلچەمە هیشتا ساردەو پڕیە لەبەور، هیشتا ئۆمەتی محەمەدی تێدا ناژی بێفەڕ.
لەسەر بڕیاری مامەی پیرە و خودی ڕۆستەمبەگ. جاڕ دەدرێ بەناو گشت هۆزەکانی مکایەڵی، تەرخانی، شاتری، باشکی و ڕوخزایی و سمایل عوزەیری و ... شوین و کات و سات و ڕۆژی زەماوەند دیاری کرا. تازە عێل لە دەشتی بەردەسوڕنا، دۆڵ و داوینی ئەحمەدساوش بە بەرابەری گوندی بەستام تا دەراوی (دەرەڕا) دابەزیون هێشتا چیمەن و سەوزەگیاو گوڵو کوڵزاری ئەمبەرەوبەری بەردە سوڕنا لەژێر پێی پڕوپاتاڵ پیشێل نەکراوە. گشت کەرەستەی زەماوەند بۆ ڕۆستەمبەك ئامادەکراوە. بە دەبان خرت و بەران سەر بڕاوە، شوڕەژن و کچەعازەبی خێڵەجاف خۆیان ڕازاندۆتەوەن بە دەیان شێوە سووراو و سپیاویان کردوە و ئەگریجەیان دەقداوە. زولفی لوولی ڕەشمار شێوەیان، بە دڵی لاوان و هەرزەکارانیەوە داوە. زڕەی سڵسڵەو پلپلە و هاڕەی هەیاسە گۆبەرۆکی کچان و شۆڕەژنان و شمشاڵی شوانەجاف . لە دەیانلاوە دەستگیراوە.
تازە لارە سێبەری قوتەی پشتی کانی کووزەڵە و کانی قەرداران ئەحمەد چاوش، وەدی دەکرێ. بووك سوار کراوە بەرەو ماڵی بەختی وەڕێخراوە، قیروقاچ و غارغارێنی شۆڕە سوارانی شاقەل شۆڕی خێڵەجافز برێکیان تاکێك لە سۆرانیەکانیا بە سەرشانیان ە ئەیتریا ئاوقەی بەرسینگ و ئاوزەنگی و ژێرسکی ماین و ئەسپەکانیان کردووە.پڕمە پڕمی ماینی

کەحیلەی جاف و لووشکە لووشکی هێستر ژێر بارگە و بنەی بووك پێخەسوو، کێبڕکێ و ڕمبازی سەدان برازاوا، لە چەندین تیرەو هۆزی جاف. کێ هەیە خۆی لەبەر ڕکێفی شیکە سوار و سوارکارانی جاف ڕاگرێ.  بووك لەبەر دەواری 18 ئەستوونی ڕۆستەم بەگدا دابە زینراوە، دەنگی دەهۆڵ و سورنا و شمشاڵی شوانەجاف لە دەیانلاوە پیرە پیاوان و پیرەژنانی هەشتاساڵەی هیناونەتە سەماوە. دەشت و دەر، و شاخ و کێو و بەرد و دارو، گوڵ و گژوگای ئەبەراوبەری چۆمیش، بە شنەی نەسیمی ئێوارەوەختی بەهاری هاتوونەتە سەما و دەشنێنەوە. شیکە پیاوی غەوارەیی سەرچۆپی گرتوە، ئارەق بەلاجانگیدا دێتەخوارێ، لەپڕ دەست بەردەدات و بە دەستماڵی تایبەتی سەرچۆپی پەیتا پەیتا ئارەق دەسڕێو دەڵێ:

لە خواو پێغەمبەرو شێحەسەنەسوورەی مەولاناوام گەرەك بێ و پاش
نۆمانگ و نۆڕوژی تر، بووك بە کۆرپەی کوڕەوە باوە خوون

بکرێتەوە. ئیتر هەڵپەڕکێو هەڵخستنەوە بەسە. هێشا ئارەقسڕین و، وتە و، ئاواتی سەرچۆپیکێش کۆتایی نەهاتیبوو، سووچێکی چادری سەراپەردەی بەگ درایەلاوە لوولەی وەرەندل هاتە دەرەوە بەگ بە دەستی خۆی بۆ( ڕەمزی) زاوا بوون وەرەندلی بەرەو ئاسمان هەڵتۆقاند. کۆتایی بە شایی و هەڵپەرکێ هێنا.

هیشتا زەردەی هەتاو بەسەر کلیلە بەفرەکانی لووتکەی کێوەکانبی چلچەمە و (خەسرەوخان) و بەردی ئەولەسەن و بەردە تەریە و ئەحمەدچاوەش و بەرزاییەکانی (گڵەزەردە) بەوبەری سەراپەردە و شاییگەی ڕۆستەمبەگەوە ماوە. گوڵکی ڕیواس و هەڵز و کەما و مەندۆکی داوین کلیلە بەفرەکانیش دڵێی نۆبووك و نۆ زاوان سورشت زەماوەندی بۆ سازداون.

ڕۆستەمبەگ تەمەنی لە پەنجا تێپەڕیوە. تائیستا دەیانجار  بەتەمەنترین ژنی تەڵاقداوە، وەك ئەمیستاکە کیژۆڵەی چاردەساڵەی هێناوەتە جێگەی، بەڵام قەت کۆرپە کوڕیان بە باوەشی خۆیانەوە نە دیوە. شیخ و مەشایەخ نەماوە ڕۆستەمبەگ سەر لەئاستانەی نسویبێو، کیلی قەبر نەلستبێتنەوە، بەشکوو بە وجاخ کوێی نەمرێ.

شەوێکی تاریکە شەوو ئەنگوستە چاوە و گیاڕەشی بەهارە. بەگ هەر ئێوارە کە دەخزێتە ناو پەردەی تایبەتی بووك و زاواییەوە. بەگی بەتەمەن و بەتەمای بەرهەمی شەوی زەفافی ئەمجارەی کۆرپە کوڕبێت. هێندە خۆی شەکەتکردوە، هیشتا خێڵ نەخەوتووە، ئەو خەوی لکەوتووە.  بووکی مێرمنداڵی بە هەڕەشەو گوڕەشەی باوك و برا بەشوودراو، بە زۆر و تۆپزی ناوگەڵ سوورکراو! لەبەر ئیشی لەشی بەچاوی فرمێسکاوی مووچڕکەی ناوشانییەوە، وەك بیچووە ئاسکی تەرا و بریندارِ هەر هەزارە دەکات و دۆش داماوە. دیار ژنەکانی دیکەی ڕۆستەم بەگ لە هازو وازی تازەبووك باش ئاگادارن، چونکە ئەوانیش بە نۆبە، بەگ  ئەو بەڵایەی بە سەریان هێناوە. بۆیە خۆیان لێ کڕکردووە.  ئالەو کات و هەل و مەرج و شەوەزەنگ و تایبەتیەی ڕۆستەمبەگ و خێزانەکانی، سوارێك لەبەر دەرکی شادەواری بەگی تازە زاوا دادەبەزێ. شیپە لەغاوی ئەسپەکەی بە بەرچیخێکەوە دەبەستێت، ئارخاین خۆی دەکاتە سەراو پەردەی بووك و زاوادا. دەبینی کوانووی ماڵ بەحاڵ سۆڵەسۆڵیەتی. زۆر ئارام و لە سەرەخۆ چلۆسکێك هەڵدەگرێت و فووی لێدەکات و هەڵیدەگرسێنی. بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە د دەقیق سەر سینگی ڕۆستەمبەگ بکاتە ئامانج. کە دەبینی ڕۆستەمبەگ  پشتەوقەفا لەسەر گازراکەی پشت ڕاکشاوە، پرخە پرخ و خڕویف، دەڵی دەیەوێ کەوچکە چێشتی شیروبرنج ساردکاتەوە.

کچۆلە یەکی میرمنداڵی بریندار و بەستەزمانز پاپۆشە خوێناویوکەی لە پەنای دەستیدایە. کە هەستیکرد کەسێك چڵەسکێکی کردۆتە چۆڵەچرا و هاتە ژوورەوە. پڕیدایە دەرپێ خویناویەکەی تا لەپێی کات.

شەریف بێ مەحتەلبوون چلۆسکەکەی دانا، بە دیقەت سێرەی لە سەر سینگی ڕۆستەمبەگ گرت. بە هەموو هێزی، ڕمەژاراوییەکە کوتایە ئەوشوێنەی کە بیست ساڵ لەمەو پێش ڕۆستەمبەگ کوتابوویە سەرینگی چەڵەوی باوکی. بەوەیشەوە دڵی تێراو نەبوو سێخەنجەری تێکوتا. ئەمجار بە پەلە ڕمەکەی لە سەر سینگی بەدۆشەك و فەرش و چیمەنی ژێر دەوارەوە دووراوی تازە زاوا دەرکێشا، ئەمجار چوست و چالاك، لە چاوترووکانیکدا، پەڕییە ناو تاقی زینی عەنەزەی گوێلار.

کیژۆڵەی بەستەزانی بەزۆر بەشوو دراو و بەزۆی بەژن کراو، بۆ چەن چرکەیەك حەپەسا نەیتوانی نق بکات. ئەمجار پڕ ببەخۆی کە قیژاندی هەوێکانی هاشەدارکرد، گشت ڕژان بەسەر مەیتی خەڵتانی خوێنی مێردەکەیاندا. بە شین و شەپۆڕ و واوەیلا گشت سامالەکانی ئەمبەرەو بەری چەمە شارەزوورەیان زەڵەقاند.

ڕووداوێکی کوتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو، لە شەوێکی تەپ و نم و تایك و ئەنگوستەچاوی گیاڕەشی بەهاریدا. گشت خێڵکان تیکخروشان. زۆر کەس کە لە سەرەتای خێڵ خەوتنانەوە، هاوکات و بەیادی شەوی زەفاف ڕۆستەمبەگەوە لە گەل دایکی منداڵەکانیدا تێخزابوون! بە لنگی بێدەرپی و شاقەلی شۆڕ و پێخاوس ڕژانە مەیدانەوە. چیەچیە چ قەومامە!؟

شەوی تاریك نمنمەی باران و گیاڕەشی بەهاری تێکڕا دەستیانداوەتە دەستی یەك و بوونەتە پشتیوان و برای بڕبڕە پشتی شەریفی ڕنان!.

شەریف کە ئاوزەنگی هەڵدە کڕێنێتە لاتەڕافەی عەنەزەی گویلاریەوە. عەنەزەش بە کاسەی سمی مجەڕەت ناڵ و بزماری ئەڵماسی بەتایبەت بۆ ئەو هەل و مەرجە دروستکراویەزە. بەسەر سکی ژن و پیاوو منداڵ و مەزندا بازرەقە دەبەستێت و دەیانکەس (دەوە)و  ورگدڕاو دوکات. حەشر و حەلەلایەکە کەس دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێ.

خوینەرانی خۆشەویت ئاکامی ئەو شەوە زەنگ تیکخوروشانە ناچارین چاوە ڕوانی ژمارەی 11ی ئەم گۆڤارەبین . لە وەرزنامەی  پایزی ئەمساڵدا.


# نامە

## برای گەورەو خۆشەویستم !

پاش ساڵانێکی دوور، دوورو ناخۆش، پرکارەسات و کوێرەوەری و دەربەدەری لە هەردولامان دەمەوێ سەری ناسۆری زامی دەوران والابکەم و لەگەڵتا بدوێم. پردی نێوانمان ئەم کاغەز و وشانەیە، بەڵام بەڕاستی نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم؟

باسی ڕابوردوو گرفتەکانی ژیانی خۆم ناکەم ، لێی گەڕێ. هەر ئەوەندە بەس کە ئیستا مامۆستام! "مامۆستایەکی کوردی ئێرانی" وەکو ئیسانێکیتر ناژیم بەڵام زۆربەمان بەربەرەکانێی مەرگ ئەکەین. سەد هێندەی دیکەش لە تاڵاو و چاڵاوابین تەنیا هەنگاوێك بەرەو دەسەڵاتان ناچم و لەو پەڕی ئازادیری‌و سەربەستیدا خۆم و شیعرم لەسەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆژەوە دەڕوانمە دەسەڵاتان ودەست ڕۆیشتوانی ڕۆژگاری پەست ..

مانگی گوڵانی ئەمساڵ 2004 سەردانێکی سەقزم کرد. لەوێ چوار ژمارەی گۆڤاری جیهانی منداڵانم دەس کەوت. کە چاوم بە بەرگەکانیا خشاند هەستم کرد گۆڤارێکی ئاسایی منداڵانە و بە چوار ئامۆژگاری بێتام و دوور هەلۆر و مەلۆر پڕکراوەتەوە، وتم دەیکەمە توێشووی ناوڕێم لەناو سەیارەکەدا دەیخوێنمەوە.




لە مینی‌بوسێکی شڕە و لەسەر چوارپایە جێم گیرکەوت. چونکە مامۆستای وەك من نابێ سەیارەی هەبێ! (هەرکەس خەریکی فێرکردن بێ کافرە...! ناچار لەسەر چوارپایە دانیشتم و ماشێن کەوتە ڕێ . لە ژمارەی 1=2 دەستم پێکرد. وتاری کاك ڕەوف حەسەن ( سەر پەرشتیاری یانەی سارای سلێمانی) و سەروتای سەرنووسەرم خوێندەوە. بەڕاستی سەیرم هاتە بەرچاو! وتم داخۆ لەم جیهانی سیاسەت بازی و دراو مەدارییەدا کەسێك یان کەسانێك هەن لە دەمی خۆیا بگرنەوە و لە بیری سەرپەنایەکی منداڵانی لێقەوماوی کوردابن؟ بەڕاستی دەستخۆشیم لێکردن بەهیوای زۆربوونی نمونەی ئەو مرۆڤە دڵسۆزانە. چونکە دوێنێ زۆرمان بینی کەوا سکەدڕێی ڕزگاری هەژاران و کۆیلانی دنیا (نەك کورد!) کەچی بە چاوی خۆمان دیمانەوە کەوا لە بازاڕی دراو کۆکردن و ڕابواردن و بێڕەگەزیدا سەریان هەڵێنا. زۆرمان بینی بەسەر سەری براوی عەشق و خوێنی هاوڕێ کان و جەستەی برسی هەژاراندا خۆیان دەربازکرد ، کەچی بەرابردووی میللەت و ژیانی مرۆڤ، بە گیانی کۆڵەواری مێژوو قاقا پێدەکەنن!

ئیشتاش لێرە (لای من) زۆر دەبینم بەناوی ڕۆشنبیر و نووسەر ! بەسەر خەڵکدا خۆ گیڤ دەکەنەوە، کەچی لە ڕاستیدا ماستاوکەر و تووڵ پاککەری سەوەتەچنن و هەر خۆیان بە ڕێوە بەر و بڵندگۆی یاسابەردینەکانی زەمانن! ئەوساڵانە کە تازە بێکار و نان براو کرابووم. مامۆستایەکی بێکار پێویست بوو 6 سەر خێزانی ماڵی باوکم بەخێو بکەم. بازاڕیەکی سەقز 20 هەزار تمەنی بە قەرز پێدام . چووم لە سەر مەرزەکە دام بە TV یەکی چکۆلە بەڵکو خێربکات . کە هاتمەوە لە گەردەنەی (خان) (برادەران) گرتیان و خواردیان...

یەکێ لە هاوڕێیانم وتی:

ئەوە بیستوومە خەریکی کاری بورژوازیت. کاکە ئێمە هیچ پێویستمان بە بورژوازی نیە بەڵکو ئێمە پرۆلتاریامان دەوێ، ئەو کارەی تۆ زەربەیەکە لە پەیکەری پرۆلتاریا! جا ئێستا قسەم پێ‌مەکەن کە خۆی خەریکی چییە و چۆن سواری پرۆلتاریا بوە و چۆن لە خزمەتی دەستەڵاتدایە...

ئەمانە خەیاڵاتێك بوون لە ماشینەکەدا بیرم کەوتەوە. بەڕاستی ئەوەندە ئەو کارەی ئێوەم لا پیرۆزە نازانم بە کام وشە پەسەنی کەم، بەم بێدەسەڵاتییەی خۆم بە هەموو تواناو ماناوە سەری ڕێز و هاوکاری بۆ ئەو ئەرکە بەنرخە دادەنەوێنم.

هیوادارم نموونەتان زۆربێ.

لەسەر کورسی شڕۆڵەی ماشێن دانیشتووم. ئاگام لە چوارپایەی شەقوشڕی بێشکەئاسای ژێرم نیە کە چۆن ڕادەشەکێ، چوومەتە ناو باس و بەسەرهاتی کاك" شەهاب مەنمی"و دیلان". بەڕاستی چەندین جار دڵم گیراوە و بانگی بەربینگم قوڵپی هەڵداوە. کاك شەهاب و هاوسەرەکەی بەڕاستی نمونەی فیداکاری و مرۆڤدۆستین، هیوادارم هەردەم سەربڵندو لە ژیاندا گەش بن و دیلەگیانیش داهاتویەکی پرشنگداری هەبێ بۆ دیلەکانی دیکە و.... لەو کاتەدا کە گۆڤارەکانم بەدەستەوە بوو. مناڵێکی خنجیلانە لە تەنیشتمدا، هەر سەرنجی وێنەکەی کۆژینی لە (ژمارەی3) دەدا . وتم ناوت چییە؟= نیما . باب و دایکی لە تەنیشتم دانیشتبون وام هەست کرد پێیان خۆش نە بوو!

سەیارەکە لە تەکان و شەکاندایە و من چووومەتە ناو زنجیرە باسی ڕۆمانی سارا. وا هەست دەکەم لەگەڵ مام کەریم و منداڵەکانی مەنزڵ بەمەنزڵ و ژەم بە ژەم هاو سەفەرم. هەرچەند کەش و هەوای ڕۆمانەکە گوزارشت لە زەمەنێکی پێش ئێستای کوردستانە بەڵام ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە لە ژیانی هەژاران و ستەمی چینایەتی و میللی لە سەر ئێمەی کورد. ئەوینی "ئەحمەد و سارا"ش هەر هەمان حەز و خواستی بەرەی تازەن کە سوننەتەکان دەشکێنن، بەڵام سوننەت پێشیان دەگرن. دەبێ دڵمان بکەینە گۆڕستانێک بۆ هەزاران حەز و نیاز و ئەوین و...

نووسراوەکانی کاک حەمەسەعید حەسەن بەڕاستی تام و چێژێکی سەیرم پێدەبەخشێ. هەرچی شتەکانی دەخوینمەوە بە دڵ حەز دەکەم لەبەریان بکەم و هەڵیانگرم. یاخوا هەر خۆشبێ و لەو کارانەی بەردەوام.

وەک وتم منداڵەکە هەر سەرنجی وێنەکەی کۆژینی ئەدا. منیش وینەکەم پیشانی باوک و دایکی نیما دا.

= ئەو منداڵە جوانە ( وەک نیمای ئێوە) ناوی کۆژینە.

= کۆژین چەس؟

= ناوێکی کوردیە . دایکی چینییە و باوکیشی کوردستانیە.

= خەڵک کورسانە؟ ( سنەیی بەشاری خۆیا دەڵێن کورسان)

= نا کوردستان ، هەزاران کیلۆمەتر لەوڵاتی دایک و باوکی دوورە کەچی چینی و کوردی باش دەزانێ. ئەوەتا دەڵێ گۆرانی و چیرۆکی چینی و کوردی و فینلاندیش بە باشی دەزانێ....

زۆریان پێسەیر بوو، دیتم حەزێک یان شەرمێ دایگرتن . رووم کردە منداڵەکەیان

= نیما گیان بێ با قسەی کۆژینت بۆ بخوێنمەوە. ئەم کوڕە کوردە خەڵکی دنیایە و ...

– مەن کردیرا نمی فهمم، فارسی صحبت کن!

ئەمجار تێگەیشتم شەرم و پێناخۆشبوونی دایک و باوکی کوردی نیما لەسەر چی بوو؟ داخەکەم تازە گەیشتینە سنە و ماوەی هیچ قسەو باسێك نەما. لەگەڵ ئەم نامەدا ئەم نووسراوانەم ناردۆتە خزمەتت:

1 – کۆمەڵێك شیعری منداڵان" دەنگی ئاشتی" ئیجازەی ڕەسمی بۆ چاپی وەرگیراوە. بەڵام بۆ وێنەکێشان و چاپی ڕەنگی دەسەڵاتم نەبوو. ئەگەر کرا خۆتان چاپی کەن، بەڵام پەخش بوونی لە ناوخۆدا گەلێ گرنگترە...

2 = تەرجەمەی چیرۆکێکی ڕوسی ئەمەیان دەمەوێ لێرەش وەك کتێبێکی منداڵان چاپی بکەم هەرکات (بۆم کرا)

3 = هەرچەند لەم چیرۆکانەم زۆرن جگە لەوە ئەفسانەی فۆلکلۆرم گەلێك کۆ کردونەتەوە هەروا دامناون دەمەوێ ئەگەر توانای ماڵیم بوو چاپیانبکەم، هەر کەس ئەرکی چاپ کردنیان وە ئەستۆ بگرێ مەمنوونی دەبم. دەڵێن ئەنستیتۆی کوردی لە سلێمانی هەیە بە سەرپەرشتیاری ( مەزهەری خالقی) جا نازانم ئەویش تابلۆیە یان بەڕاستی کار دەکەن..،

4 = 10 دانە کتێبی فاشیزم چییە و 10 دانە زامستانم، ناردە خزمەتتان بۆ هاوڕێ و دۆستانی خۆتان ئەگەر بەنرخن بۆ پشتیوانی یانەی منداڵان بیانفرۆشن، دەنا هەر پێشکەشی کتێبخانەی خۆتانبێ. فاشیزمێك بۆ ئێوە و دیلان. حەز دەکەم بە وردی لەسەر ئەوکارانە بنووسن و هەڵیانسەنگێنن. هەرچەن شیعرەکانم دەبوایە زۆر زووتر چاپ و بڵاو بکرایەن بەڵام چیبکەم. توانام نەبوو بەرگەکەشی ڕەنگی بێ. ئەو خاڵە سوورەش لەگەڵ منداڵەکانم بە ماژیك دامنناوە. ئەسڵی تابلۆکەش "ئینتیشاراتی گۆران" بردی چاپی یەکەمی زۆر بە خراپیو ناشیرینی لێدا و تابلۆکەشی نەدایەوە. چاپی دوهەمیش ئاوا دەرهات بەڵام نوسراوەکان جوانترن.

5 – ئەگەر پێتان باشبو لە چیرۆکەکانی یەڵماز گۆنای لە گۆڤارەکەدا چاپ بکەن. تەنانەت ئەگەر ئەم نامەش بەکارهات.

هیوادارم بە زوویی بگەنەجێ. ئاواتی لەش ساغی و سەر بڵندی بۆ جەنابت و هاوکارەکانت و هەرکەس وەك ئێوە بیر دەکاتەوە. سڵاوم بگەیەنە بە کاك حەمەڕەسوڵ محەمەدی و کاك حەمەسەعید حەسەن و کاك شەهاب مەنمی و گشت دۆستانی نزیك و دوورتان. ئیتر ماڵاوا. برات ڕەحیم لوقمانی

2 /3/ 1383 = تەلەفون 7272295

سنندج بهاران 19/ 4 انتهای کوچەی 21 = ئاپارتمانی شخصی احمدزادە تبەقەی اول شمالی

بەکورتی وەڵامی نامەو حەزو ئارەزوەکانی کاك ڕەحیمی لوقمانی: ئەگەر مەرگ ماوڵی خۆم و گۆڤاری جیهانی منداڵانمان بدات بەوپەڕی شانازی و خۆشحاڵیەوە، نەك تەنیا هەر ئەم نامەیە و چیرۆکی شمشاڵی سیحراوی.. بەڵکوو کورتەچیرۆکە بەناوبانگ و جوانەکانی یەڵماز گۆنەیش وەك زنجیرەی ڕۆمانی سارا هەر لەم ژمارەیەوە و لێرە بەدواش چاپ و بڵاو دەکەینەوە.

سەرەتای هاوینی 2004 م 1383 هەتاوی عەلی کیتابی

# شمشاڵی سیحراوی

## چیرۆکی فۆلکلۆری ڕووسی

ئەم چیرۆکەم لە گۆڤارێکی فارسیدا خوێندەوە. نووسرابوو "ئەفسانەیەکی وڵاتی ڕوسیا" بەڵام دیاری نەکراوە کە هینی کام نەتەوەی ئەو وڵاتەیە. چونکە لە زۆر شوێنی دنیادا نەتەوەی باڵادەست و حاکم، سامان و کەلتووری گەلانی ژێردەستی خۆیان تاڵان دەکەن.

چیرۆکەکەم زۆر پێ جوانبوو منیش لە فارسیەوە وەرم گێڕایە سەر کوردی بۆ منداڵانی کوردستان. ڕەحیم لوقمانی

== شمشاڵی سیحراوی ==

کەس نازانی ئەم چیرۆکە کەی و لە کوێ ڕوویداوە؟ تۆ بڵێی هەر بەو جۆرە بووبی کە من بۆتان دەگێڕمەوە؟

ده جا گوێم لێبگرن. وەك چۆن داپیران بۆ نەوەکانی خۆیان و نەوەکانیش بۆ بەرەی پاش خۆیان گێڕاوەتەوە. منیش هەر ئاوا بۆتان دەگێڕمەوە.

ڕۆژگارێك خەڵکی وڵاتێك لەو پەڕی ئاشتی و خۆشیدا دەژیان. زەویزار و بەرو بومی زۆر دەوڵەمەند بوو، کەس لە کەس نەدەکەوت. ئەگەر کەسێك لێی دەقەوما، بە هەموان دەستیان دەگرت.

ڕۆژێك لە ڕۆژان هەژدیهایەکیان لێ پەیدابوو، باڵدارو سامناك. هەر لەوێ لانەی کرد و کەوتە تاڵانکردنی خەڵك. دارو نەداری خەڵکی ماشتەوە و خواردی بردی، ئەمجار هەوای کۆشك و قەسر دای لەسەری. ئەویش چۆن؟ چونکە خۆی تەوەزەل بوو و کاریشی نەدەزانی، هات تەڵەی نایەوە. یەکە یەکە خەڵکی گرت و بۆلانەکەی خۆی بردن. گوتی: "دەبێ کۆشکێکی گەورەم بۆ ساز کەن." دەستووریدا بە دەوراندەوری کۆشکدا چاڵی گەورەو قووڵ هەڵکەنن خاکی زۆری بۆ هەڵدەنەوە دیواری بەرزی بۆ بکەن. ئەوەی خوێڕیو نەکارا و دڵڕەق بوون لای خۆی گلیدانەوە و کردنیە کار بەدەست و کوێخا و پاسەوانی کۆشك و بێگاری.

هەژاران و نەدارانیش شەوو ڕۆژ لە کاری بێگاریدا بوون. ئەوندەیان بێگاری پێکردن لە ژیانی خۆیان وەڕەس بوون. زۆریان لەژێر کاردا دەمردن، بەڵام هەژدیها لە پەستا خەڵکی دیکەی دێنا دەیخستنە بەرکاران. بەردەوام کۆشك ساز دەبوو و دەوراندەوری دیواری بەرز دەکرا. بەڵام خەڵکی ئەسیر و هەژار لە کار و برسییەتیدا تووشی ڕۆژە ڕەشی هاتبوون و دەستە دەستە دەمردن.

مانگان و ساڵان تێپەڕین. هەژدیها ڕوی لە پیریئنا. چرە و گوڕەو تاڵان و بڕینی نەما. کارداران و کار بەدەستانی کۆشك وردە وردە بونە حاکم و گەورەی وڵات و جێی ئەژدیهایان گرتەوە. ئەمانیش کەوتنە گرتن و چەوساندنەوە و ئازاردانی خەڵك، حاکمانی تازە ئەوەندە دلڕەق و ستەمکار بوون خەڵك دەیانگوت" هەر ئەمساڵ خۆزگەمان بە پار." کەس بە دەستیانەوە دەرچوونی نەبوو. شەڕلات و بەرەڵایان کۆکردەوە کردنیانە هەمەکارەی وڵات. بەتان و پۆی وەکخۆیان هەموو وڵاتیان تەنیبوو. جا بۆ ئەوەی لە شێوەی خەڵکی جودابن ناوی تازەیان لە خۆیان دەنا، یەکێ ناوی گورگ بوو، یەکێ ناوی ورچ بوو، یەکێك پڵنگ، کەمتیار و زۆر ناوی دڕندەی دیکە...

خەڵکی هەژاریش بەناوی گیانداری بێئازار و بارەبەری وەك کەر و گا، خزمەتی ئەژیها و حاکمانی تازەیان ئەکرد. بێگاری و گەرماو سەرما لە پەسا دەیکوشتن و دەستەیەکیتر دەهاتنە جێیان. ئاسایش و خۆشی هەر ناویشیان نەما. کەس نەیدەزانی چیبکا و چۆن لەم ژیانە ڕزگاری بێ؟

هەر لەو ساڵانەدا کوڕێك هاتە دنیا. منداڵێکی کز و لاواز. ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرەو لاوازی دەچوو. ئومێدی چاکبونەوەی نەبوو. ئەوەندە وشك و بێتین بوو، کەس دڵی نەدەهات بە توندی قسەی لەگەڵ بکات. یان پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. هەمووکەس بەزەیی پێیدا دەهات. دەروەستی هیچ کارێکیش نە دەهات.

ناوی "ئیڤان" بوو. خەڵك پێیان دەگوت.. "ئیڤانۆك"

ئیڤانیش وەك منداڵانی دیکە هەر خەریکی یاری کردنبوو. زستانان لە پەنای کوورە کەیان دادەنیشت و بە تەختە دار شتوو مەکی دروست دەکرد. هاوینانیش لەناو خۆڵەپۆتێی پشت ماڵەکەیان سەرقاڵی یاری کردن بوو.

ڕۆژێکیان سێپیاوی پیر ڕێیان کەوتە ئەوشارە، لە هەر درگایەکیان دا کەس لێی نەکردنەوە، خەڵك هەموو خزابوونە ماڵ کەس بەدەرەوە نەبوو.


تووشی ئیڤان هاتن، لای دانیشتن تا پشوویەك دەرکەن.

قەندەیان دەرهێنا تووتنیان تێکرد. هەرچی گەڕان ئاوریان پێ نەبوو. داوای ئاوریان لە ئیڤان کرد. ئەویش چوەماڵەوە لە ئاگردانەکە پشکۆی بۆ هێنان. پیرەمێران قەندە "سەبیل"یان داگرساند و زۆر سوپاسی ئیڤانیان کرد. ئەمجار سەری قسەیان لەگەڵ داخست و کاروباریان لێ پرسی.

وتی: کاری ماڵی ئاغا دەکەم. جار جاریش خەریکی کایە کردنم.

پیاوەکان جوان گوێیان بۆ قسەکانی ڕاگرت. ئەمجار شمشاڵەکانیان دەرهێنا و بەدەنگی بەرز سێئاهەنگی بە سۆز و خۆشیان بۆ لێدا.
یەکەم ئاهەنگ کە لێیاندا وشیاری و زاناییان خستە دڵیەوە، ئاهەنگی دووهەم، ئەوین و سۆزی مۆسیقایان پێبەخشی، سێهەم ئاهەنگ ڕق و کینەی ستەمکاران و حاکمانیان لە دڵیا چاند.
ئەمجار پیاوە پیرەکان هەستان ڕۆیشتن. ئیڤان هەستی کرد، ڕۆشنایی کەوتۆتە بیر و زەینی ، و دەروونی دژی ستەمکاران گردەستێنێ. هەستا تەدارەکی سەفەری گرت. شمشاڵێکی دروست کرد و دەستیکرد بە لێدانی. ئەوەندە بە سۆزو خۆشی لێدەدا نەك تەنیا مرۆڤ، درێندە و فرندەیشی وشك ڕادەوەستاند و گوێیان بۆ ڕا دەگرت. بەمجۆرە ئیڤان ڕێی گرتەبەر و شمشاڵی هێنایە سەر سۆز و ئاهەنگ. لە دەنگی شمشاڵەکەیەوە داستانی هەژدیها و ستەمکاران و بیگاری هەژارانی دەگێڕایەوە. خەڵك بەدڵ گوێبیستی دەنگی شمشاڵی ئیڤان بوون. وردە وردە وشیار بوونەوە و وەخۆهاتنەوە. هەستیان کەوتە جووڵە و بەئاگا هاتنەوە. کەوا یەکێك پاشایەتی دەکا و هەزاران لە برسا دەمرن.
ئیڤان بەمجۆرە دەگەڕا و شمشاڵی دەژەند. دەگەیشتە هەر لایەك خەڵك وریا و وشیار دەبوونەوە. بە بێڵ و تەور و داسەوە ئامادەی ڕاپەڕین دەبوون.
حاکمان وەزاڵە هاتن . بۆ چارەی کار تێفکرین، سوپا و لەشکریان تەیار کرد و بۆ کوشتنی ئیڤان، وە شوێنی کەوتن.
دەنگی شمشاڵی ئیڤان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتە بەر گوێ. لەشکر خۆی پێگەیاند. ڕم و نێزە وەك دارستان ڕاوەستان. ورشە ورش و زرینگەی شمشێران دنیای داگرت. گرمە و ناڵەی تۆپ هەستا. بەڵام ئیڤان دیار نەبوو.
حاکم و لەشکر بێدەنگ ڕاوەستان و گوێیان گرت. لەپڕ دەنگێك لە ڕۆژاواوە هات. دەنگی شمشاڵی ئیڤان بوو کە خەڵکی بۆ شۆڕشێکی گەورە هان دەدا.
لەشکر بەرەو ڕۆژاوا کشان. ئەسپ باڵیان گرتەوە. زرینگە و بریسکە بریسکی شمشێران هەستا. تۆپ بەربوونە گرمە و ناڵە. بەڵام ئیڤان لێرەش دیار نەبوو! ئەی لەکوێبوو؟ کەس نەیدەزانی؟ تەنها سۆز و ئاهەنگی شمشاڵەکەی بوو کە لەم دێ بۆ ئەودێ و لەم شار بۆ ئەو شار دەنگی دەدایەوە؟
لەو کاتەوە پیاوان و لەشکری هەژدیها ئارام و ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە و شەوو ڕۆژیان بۆ نەماوە. شمشاڵی ئیڤان خەوو خۆراکی لێ هەڵگرتوون.
سیحری شمشاڵەکەی تاو نا تاوێ گوێی خەڵك دەزرنگێنێتەوە و سنووری وڵاتان دەبڕێ و تێکدەشکێنێ بانگهێشتنی گەلان دەکا. لە جادە و کێوان تێدەپەڕێ و سنوور ناناسێ. نە بەرچنگ دەکەوێ و نە گوللە دەیپێکێ.
گوێ ڕاگرن! ئەوە شمشاڵ هەر دەنگی دێت و حاکمانیش پەرێشان دەبن.
ئەو ڕۆژە نزیك بۆتەوە کە تەخت و بەختی هەموویان ژێرەو ژوور بکات.

زستانی 1994 سەقز
وەرگێڕانی ڕەحیم لوقمانی



# نــــاچـــار

## کورتە چیرۆك

نووسینی یەڵماز گۆنای
وەرگێران  لە فارسیەوە بۆ کوردی ڕەحیمی لوقمانی

باوکی خزمەتکاری دەفتەرخانە بوو،  ناچاربوو بە کرێیەکی کەم پێنج سەر خێزان بەخێوکات.

ڕۆژێك کوڕەکەی چوبۆ دەفتەرخانە بۆلای باوکی.

لای نیوەڕۆ بوو ، کوڕی خاوەن دەفتەرخانەکەش لەوێ بوو، خەریکبوو نانی دەخوارد. ئەویش وەك کوڕی خزمەتکارەکە دەساڵان بوو. بەڵام ڕەوشت و کردەوەی وەك پیاوی گەورە دەچوو.

مرۆڤی دەخستە بیری باوکی کە قازیەکی خانەنشین بوو.

کوڕی خاوەن دەفتەر خانە بەدەم نانخواردنەوە، بێ ئەوەی لەسەر دەوریەکە سەری هەڵبڕێ بە خزمەتکارەکەی وت:

= ئادەی کا حەمە ... چۆڕێ ئاوم بۆ بێنە!

خزمەتکار ئاوەکەی هێنا و وتی:

= فەرموو.

کوڕەش وتی:

= جارێ با تیکەکە بخۆم، ئەگەر ئینسان تیکەکەی باش نەجاوێ بۆ ناو سکی باش نیە.

تیکەکەی ورد جاوی و قووتی دا. بە دەسەسڕی کاغەزی دەمی سڕی و ئاوەکەی لێ وەرگرت. خواردیەوە و وتی:

لێوانەکە خاوێن نیە لێوانەکە جوان بشۆ.




کوڕی خزمەتکار، کە دیی منداڵێك بەوجۆرە بەسەر باوکیدا دادەخوڕێ زۆری پێ ناخۆشبوو.

کوڕی ئاغا دوای نانەکە دەست و پلی بە دەسرەی کاغەزی سڕی و وتی:   ئەمجارە کۆی بکەرەوە.

کاکەحەمە نانەکەی کۆ کردەوە. کوڕی ئاغا مێشێکی لەسەر شووشەکە پیشان دا و پێی وت:

= کاکە حەمە ئەو مێشە بکوژە.

خزمەتکار مێشەکەی کوشت . ئەو مێزەی کوڕەکە نانی لەسەر خواردبوو پاکی کردەوە و ڕۆیی.



کوڕی خزمەتکار زۆر ڕقی لە کوڕە ئاغاکە هەستابوو، وتی:

= بۆچی وا بەسەر باوکا دا ئەخوڕی؟

کوڕی ئاغا وەڵامی دایەوە:

= باوکت ناچارە.

= بۆ ناچارە؟

= ناچارە و ئا!

= ئاخر لەبەر چی؟

باوکی هاتەوە پەڕۆیەکی بە دەستەوە بوو.

کوڕی ئاغا هەستا و پێی وت:

کاکە حەمە ئەو باڵتام بۆ بێنە.

منداڵەکە وتی:

= مەیهێنە باوکە ، با خۆی بیهێنێ.

کوڕی ئاغا پێی وت:

= باوکت ناچارە.

باوکی بێئەوەی وەڵامی کوڕەکەی بداتەوە، باڵتاوەکەی بۆ هێنا.

ئەویش بە فیزێکەوە وەککاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەتی کردیە بەریز کە لە دەرگا دەرچووە دەرێ. بە کورەکەی وت:

= تۆ کورێکی پیس و نەفامی، با باوکم بێتەوە پێی ئەڵێم.

باوکی بە پارانەوە و رێزەوە پێی وت:

= ئاغا چکۆلەی خۆمن قەیناکا لێی تووڕە مەبە، ئەویش وەك براتە بە دڵیەوە مەگرە.

کوڕی ئاغا وتی:

= چاکت بار نە هێناوە.

کوڕەکە کەدیی ئاوا سوکایەتی بە باوکی دەکرێ. زۆری پێناخۆشبوو، لە دڵی خۆیدا دەیوت: "بۆچی باوکم وای لێهاتووە کە ئاوا لەبەرانبەر منالێکدا بێدەستەڵاتبێ".

کوڕی ئاغا رۆیشتبوو. باوکی پێی و:

کارێکی چاکت نەکرد کوڕم...

ئەگەر ئاغا لێرە بوایە!...

منالەکە وتی:

= بابە بۆ ناچاری، لە بەرچی؟

باوکی سەری داخست و وتی:

ئەگەر بە قسەیان نەکەم، ئەگەر بێگاریان بۆ نەکەم، سۆزی دەرم ئەکەن و بێکار ئەبم.

= دەی با دەرت کەن چی ئەبێ؟

= رۆڵەگیان ئاخر لە برسان دەمرین. ئێمەومانان ناچارینکاریان بۆ بکەین.

= ئیتر کاری تر دەس ناکەوێ؟

= هەر کارێکی تریش بکەم هەر ئاوەهایە، ئەم گەورانە گشتیان وەگوو یەکتز "سەر و بنی کلاشێکن" تەنیا ناویان جیاوازە ئەینا ڕەوشت و دەروونیان هەر وەکوو یەکە.



لە پڕ دەنگێکی تووڕە نەڕاندی:

= کاکە حەمە!

باوکی بە پەلە 25 قورووشی ( 100 قورووش 2 قەرانە) دای بە کورەکەی و وتی:

= خێرا راکەوە بۆ ماڵ.

کوڕەکە بە کۆڵاندا تێدە پەری. هەستێکی تاڵ و نا خۆش گشت گیانی داگرتبوو. حەزی دەکرد لەناو خەڵکەکەدا، ئەوانەی "ناچارنەبوون" بیان ناسێت و لێکیان جیا بکاتەوە.



ئەمە یەکەمین کورتە چیرۆك بوو لە کورتە چیرۆکە کانی یەڵماز گۆنای کە کاك ڕەحیم لوقمانی لە فارسیەوە بۆ منداڵانی کوردی کردوتە کوردی و لەسەر خواستی خۆی لەم گۆڤارەدا بلاویان دەکەینەوە. گۆڤاری جیهانی منالان هاوینی 2004



# ژیان نامەی مستەفا قادری

خوێنەرانی خۆشەویست و بیسەرانی بەڕێز!
بەبڕوای من هەمو کەس  بە هەست و سۆزو دەروون، شاعیرە و گشت کەس نووسەر و مێژوونووسە: کاك مستەفای قادری بە نموونە دێنمەوە. پێموایە کاك مستەفایش وەك من  گشت تالآیی و شیرینی ژیانی لە میشکی خۆیدا تۆمار کردوە. لە دەروونەوە ئاواتە خواز بووە مێژووی ژیانی بە شیعر و بەیت و بالۆرە و فیلم تەسویر  تۆمار بکرێت و ببێتە کەلەپوورێکی بەنرخ بۆ دواڕۆژی بەرەکانی داهاتوو. بێگومانم لە هەست و سۆز و ئارەزوو دا وەك من و منەکان خاوەنی مێژوویەکی تالتر لە زەهری‌مار و شیرینتر لە کەللەی شەکرە. بە لآم شیرینیەکەی وەك جۆگەلە ئاوێکی چکۆلە و  تالیەکەی وەك بەحرێکی بێسنوور.
جیاوازی منو وەکمنەکان و کاك مستەفاو هەزارانی وەك کاك مستەفا  ئەوەیە، منو وەکمنەکان دەتوانین وەك میعمارێك کەرستەی ئاپارتمانی خەیاڵ و ئارەزوومان بە شێوەیەکی هوونەری، هەر شتەی لەشوینی خاسی خۆیدا لە سەریەك هەلچنین، بەلآم ئەوان ناتوانن لەو گشتە کەرەستەی هەیانە، نەك کاخی خەیالیان بەلکو تەنیا کۆخێلکەیەکیش دروست کەن. من بڕیارمدابوو بەپێی توانام یارمەتی کاك مستەفا بدەم  بە  کەرەستەی  خۆی کۆشکی خەیالی‌دروستکات.

بەهاری 2004 م 1383 ه عەلی کیتابی

یەکەمین برسیار

کاك مستەفا گیان من و تۆ و گشت هاو چەشنەکانمان، هاو چە شن بە مانای بە شێك لە و چین و توێژانەی ئەوسای کوردەواریمان کە لە سەرەتای چاو هەلێنانیان بە ڕوی سینگ و مەمکی دایك و پاشان جاروبار و بەدەگمەنیش باوەشی باوك و ناو خێزانی ماڵ، پاش پاڕۆکە بونمان کە توانیومانە دەرو دەشت بکەین،  باوك و دایکمان بە یەکیك لە ئاواتەکانیان گەیشتون، ئەو ئاواتەی ئەوانیش بریتی بوو لەوەی منداڵەکانیان سەرەتا لە گەل بەرخ و کارژۆلە پاشان مەڕو گاڕان... بەرەو چۆڵ و چیا بەڕێکەن . تکایە تۆ بفەرموو منیش دەینووسم.

بەلَیَ بەسوپاسەوە ئامادەم  مستەفا قادری

ساڵی  1324هەتاوی لە گوندی داروخانی شلێر لەدایکبووم. لە بیرم نایەت لە گوندی دارۆخان و مڕان لە بەشی کوردستانی ئیراق  بارمانکردووە بۆ گوندی کانیناو بەشی کوردستانی ئێران. لەویٚ باوکم بۆتە  نۆکەر و دایکیشم بۆتە کارەکەری  ماڵی شێخ کاکە حەمەی کانی ناو.
باوکم ناوی ڕۆستم و برایەکی ناوی زۆراب بووە. شیخ کاکە (حەمە) ناوی باوکمی گۆڕیوە بە (قادر)  باوکم مامقادر، بە تێکۆشانێکی چاوە ڕواننەکراو چیاو چۆل و چاوگەی کێوی بابۆسی بانەی کردۆتە کێڵگەی کشتوکاڵ ، هێندە بە شێوەیەکی باش بەرهەمی کشتوکالی پەروەردە کردوە و بە دلآوالەییەوە کەلکی لێوەر گرتوە بۆتە خۆشەویستی شوان و گاوان  و بەتایبەت ئەو خەلکانەی کە بۆ وەچنکهینانی بژیوی ماڵ و منداڵ جگە لە هەنگدۆزی ناو کونە بەرد و کلۆرەی دار و مازوو و گەزۆ تالەمەشکە کە مەشیا بە کۆلی  خۆیان و کەر و بارگیر و ئێسر، بۆ فروشیان بردبا. بابم بە قالە بابۆس ناوبانگی دەر کردوە.
بیرەوەری من جگە لەوەی لە باوکم و هاو چین و توێژە کانیم بیستومە لەوکاتەوە دەس پێدەکات کە باوکم لە گوندی کانیناو باریکردوە و هاتۆتە گوندی (هەنجیرە) ئەو کارەساتە سامناك و دلتەزێنەی کە بوە  ئامێژەنی ژیانی ژاراویم و بووبە بەردی بناغەی خەبات و تێکۆشانم لە پێناو مافی براو و خوراوی خۆم و هاوچین و چەشنەکانم ئا ئەمەیە کە بۆتانی باس دەکەم.
ساڵێك کە بە ساڵی بەفرە زۆرەکە لە میشك و مێژوی خەلکدا تۆمار  کراوە. خۆ دیارە  کارەساتی وەها تەنیا لە گوندو تاکە ماڵ و منداڵی باوکی مندا نەقەوماوە. شوینەواری شوومی سروشتی ئاوەها بە لاشە و جەستەی زۆر  چیاو چۆڵگە و کۆنە گوند و ئاوەدانیەکان ماوە و هەتا ئیستایش بەردەوام دوپات و تیکرار دەبێتەوە. کارەساتی بوومە لەرزەی ئێستای شاری (بەم) لە ئێران و ئەوسای تورکیە و زۆر شوینیتر دەکری ناوبەرم. بەلآم وەك دەلێن هەر قامکێك بېڕێت خوێنی تایبەتی خۆی لیٚ دەڕوات.
لەبیرمە(  هەرەس ) لە چیا بلند و بەفر گرەکەی پشت گوندی هەنجیرە وەك وەیشومە خانووی بەسەردا ڕوخاندین، باوکم و برا و خوشکیکم دەسبەجیٚ مردن من و دایکم و برایەکم و دوخوشکم لە ژێر ئاواردا ماینەوە، تا خزم وکەس و خەلکی گوند بە پاچ و پێمەڕ و پیك و نوێلٚ من و دایکم و برایەك و دو خوشکیان بە شەمزیوی و زیندووی لە ژێر خەروا خەروار بەفر و خاك و خۆلٚ و دارو پەردوی خانوەکەماندا ڕزگار کرد. دەپازدە بزنمان بوون ئەوانیش بونە قوربانی نارەوایی، دەکریٚ  بلێم بە باوکو برا و خوشکەکەمەوە بوونە قوربانی( ڕق و کینەی سروشت). پاشان خوشکێکم بەکۆلداتکمەو گاشاخیٚ تیٚ هەلدامرد
بۆماوەی  شەشمانگ  بووینە  سەرباری  ژیانی  مالی  باپیرەم،  پاشان چاوگەخانویکمان  بۆجێبەجیٚبوو.  دایکم  جگەلەئەرکی  دایکبون  جێگای باوکیشمی بۆ پڕکردینەوە. بەلآم بەداخەوە فەرهەنگ و داب و نەریتی دینی و نەتەوایەتی ڕۆشنایی ئەو کولآوڕۆژنەیشی پیٚ ڕەوا نەبینین.

بە پێی نەریتی دینی و نەتەوایەتی با پیرم و خالم پێیان شەرمەزاری بوو، مافی سروشتی و ئینسانی دایکمیان زەوتکرد و بە زۆر  و ناڕەزایی دایکمیان بە شوودا. من و براکەم گەرچی منداڵ بوین، جەگە لەوەی ببینە (نۆکەر) بەرغەلەوان و شوان و گاوان. وەك گشت هاو چین و چەشنەکانمان لە کۆمەلگادا چارمان نەبوو.
دیارە ژنێکی جێلٚ و جوانی بەزۆر بە پیاویکی دەیانسالٚ لەخۆی بە تەمەنتر بە شوودراو، بەزۆر لەمنداڵەکانی دورەوەخراو، دەبیٚ چارەو وەزعی چۆنبیٚ؟!
دایکی سێسەرە زولم لێکراوم ناچاربوو زوزو پەتی نەریتی دینی و نەتەوایەتی بپسێنیٚ و خۆی بە ئاوو ئاوردا بدات تا خۆی بگەیەنیتە  جگەر گۆشەکانی.

یە کێك لە خاتراتە تاڵەکانی ژیانم کە قەت ناتوانم فەرامۆشیکەم، براکەم کە بەتەمەن لە من گەورەتربو ئەویش لە بنەماڵەی باپیرەکانم واتە بنەماڵەی باوکم و دایکم بۆ پاراستنی داب و نەریتی دینی و نەتەوایەتی توندو تیژتر لەوان دژی دایکم سەنگەری گرتبوو.

لە بیرمە دایکم بەرەبەیانێك، بێئەوەی کۆ لە بەفر و سەرما و کرێوە بکاتەوە ماڵیمێردەکەی لە گوندی (بۆین)ی خوارو بەرەو گوندی هەنجیرە بەجێ دێڵێ، تەڕو تلیسك، بەو بەفر و تۆف و سەرما و سۆڵە خۆی کردە ماڵا، بەڵام براکەم نەك داڵدەی نەدا بە پاڵە پەستۆ وەدرینا. بڕواتان بێت ئێسایش دیمەنی ئەو وەدەر نراوی و پەنابردنەی دایکم بە سەرتەنوری چۆڵ و تەریك لەمالان، دێنمەوە پێشچاوم، بێزم لەخۆم و براو بابو باپیرم دەبێتەوە.

دیارە کە دەڵێم بێزم لە خۆم و باب و باپیرم دەبێتەوە بێئینسافیە ئەگەر خۆم و باب و باپیرم بە دڵۆپێك لە بەحری دواکەوتوویی کوردستان و جیا لە کۆمەڵگای بەشەری نەزانین.

بەو حاڵەوە کە دایکم هەوڵیدا بێتە ناومان و براکەم نەیهێشت کە دایکم پەنای بردە سەرتەنورە چۆڵەکە. من نان و چام بۆبرد، دایکم ڕۆژ و شەوێك تابەیانی لە سەرما هەڵدەلەرزی و بە نائومیدیەوە وتی مستەفا فریامکەوە، منیش کە براکەم چووە دەرەوە هینامە ماڵەوە، دوای ئەوە بڕێك خۆی گەرم کردەوە بە ناچاری ڕۆیشت بۆ ماڵی باوکی و لەوێ نەخۆشکەوت.

دایکم لەپێ کەوتبوو، دەبوایە بە دەست بارەو بار و تەڕو وشککرێت. ئەو لە ماوەی چەندین ساڵدا بێوچان و یەك بەدوای یەکدا من و براو خوشکەکانمی تەڕ و وشك کردبوو، مەشیا منیش هەر نەبێ تاقە ساڵێك جەنازەی نیوە گیانی ئەو تەڕو وشك کەم.

من و دایکم بەو حاڵەوە ساڵێکمان بردە سەر. لە دوا کات و ساتەکانی ژیان و مەرگی دایکمدا، دەتگوت کێوی ئاربەبا بە سەرمدا ڕووخاوە. کەدایکم مرد کەوتمە ناو چەندین جۆر ئیحساساتی جۆراو جۆرەوە، کە بیرم لە وەزعی یەکساڵی گیرۆدەیی خۆم زەبوونی و زەڵیلی دایکم دەکردەوە ، کە دیمەنی کارەساتی مەرگی ئەوسای باوکیشم دەهاتەوە پێشچاو، لەگەڵ بێخانەو لانەیی و سەرنویشتی نادیاری خۆمدا تاوتووم پێدەکردن. نازانم چۆن بەرگەی ئەو دوو هەرەسە گوزەراوە و چاوە ڕوانی کردنی هەرەسێکی نادیاری تریشم دەگرت.

پاش مەرگی دایکم ساڵەها، هاتن و چوون، جاتێگەیشتم چی بووبە قەڵخانی بەرگری جەستە و ڕۆح و ڕەوانم. ئەو قەڵخانە جگە لە (مەدح) و (سەنا) و لە پشتەسەر پیا هەڵگوتنی خەڵکی نیسبەت بەو مەینەت و مەرارەتەی ساڵێك من بە دایکمەوە کێشام هیچیتر نەبووە.

لەو ماوەیەدا کە دایکم لەگەڵ مەرگدا دەست و یەخەبو براکەم خەریکی نۆکەری و کریکاری و خۆبەخێو کردنبوو. کە دایکیشم مرد، منیش ناچاربوم هەر ئەو ڕیگایە هەڵبژێرم. دەستم کردە کاری ڕەنجبەری. ڕەنجبەری بە واتەی ئەوسا (نۆکەری و ئێستا بە مانای مودیڕنەکەی دەقیق واتە فرۆشتنی هێزی جەستە و مێشك!

ساڵی یەکەم بووم بە نۆکەری حاجی ئەحمەد.

دوهەمینسال بووم بەنۆکەری عەبە مەلا،

سێهەمینساڵ بووم بە ڕەنجبەری خاڵۆ سەلیم

چوارەمینساڵ بووم بە شوانی گاگەلی گوندی کێوڵێ

پێنجەمینساڵ بووم بە نۆکەری نەسەقولی

شەشەمینساڵ و حەوتەمینساڵیش هەر نۆکەری و گاوانی.

ئیستا ئیتر بوومەتە خاوەن پوڵ و پارە، پارەم بەقەرز و بەقازانجشەریکی بەخەڵك ئەدا، هەر وەها من بە هۆی بڕیك خوڵکو خووی تایبەتێك هەمبوو بە تایبەت لە بەرخورد و هەڵس و کەت لەناو خەڵکدا ببوومە جێگای متمانە. ئەوەی منی کردە خاوەنی کەسایەکیەتیەکی ئاوەها خزمەتکردن بە دایکم بوو. کە دەمبیست لە پشتە سەر و لە پاشخایە وەصفیان دەکردم، بە بڕوام هەر ئەو بوو بووە بەردی بناغەی باوەڕ بە خۆبوونم.

من باشترین جلو بەرگم لەبەردەکرد. جگە لە ئاغاکان من تەنیا کەسێك بووم کە لەکاتی شایی و شیوەندا کەواو پاتۆڵی گازرانیم لەبەر دەکرد، لە گوندەکاندا مەگەر ئاغا یان مەلا، دەنا کەس سەعاتی نەبوو من سەعاتم هەبوو، خەڵك بو کات و ساتی نویژکردن بەتایبەت لە مانگی رەمەزاندا کە پێویستیان بەزانینی کاتی بەربانگ و پارشێو دەبوو هێندە (مەراجیعەیان) پێدەکردم ئیزعاج دەبووم.

عەبەی برام داوای لێکردم وتی ئەوە حەوتساڵە دەرد و ڕەنج و زەحمەت دەکێشین. من پوڵ و پارەیەکم پێکەوە ناوە، دیارە تۆیش هەر وەها. وەر پارەکەتم بدەرێ با ژنێك بۆتۆ بینین و ماڵوحاڵێك پێکەوە بنێن، ئیتر نۆکەری و دێ بەدێو درگا بەدرگا بەسە. لەبەر ئەوەی ئەو لەمن گەورەتربوو منیش وتم: ناوەڵا من خەیاڵمنیە ژنبێنم. ئیستاش نازانم براکەم مەبەستی چیبوو.

دوای ئەوە لەگەڵ براکەمدا یەکنەکەوتین لەو کاتەدا من نۆکەری (عەلی دەروێش)ی زاوام بووم بە 30 تمەن نە ئەوساو نە ئێستا هێشتا پارەی کرێی ئەوساڵەم بە دەست نەگەیشتووە. ئەمجار من بووم بە نۆکەری خاڵۆ سەلیم و عەبەی برایشم بووبە نۆکەری مینەئاڵتونی زڕمامم. ئەوەندەی من بزانم کرێی نۆکەری ئەوساڵەی عەبەی برام 30تمەن و دەستێ ڕانکو چۆخەبوو.

بێگومانم لەوی عەبەی برام بەو هیوایە بووبە نۆکەری مینە ئاڵتونی زڕمامان کە ئەوساڵە ئاخرین ساڵی بێماڵوحاڵییمان بێت. چونکە هەردووکمان هەم پارەمان بوو هەم کەسایەتیەکی سەر بەخۆ بووین بۆیە زۆر کەس پێی خۆش بوو ژنمان بداتێ.

سەرەنجام مینە ئاڵتون عەبەی بە دوو گوێدرێژەوە دەنێرێبۆپێنجوێن. کە بە دووبار خورماوە لە پێنجوێن دەگەڕێتەوە لە دەشت و دۆڵەکانی شلێر لەسەر عەرزی تەڕ دەخەوێ نەخۆشدەکەوێ، کە دەگاتەوە ماڵەوە واتە گوندی سپیکەمەرە بەو نە خۆشی و ماندوییە ئاغاکەی واتە مینەئاڵتوون ناچاری دەکات (تایەك) خورما بە کۆڵ بۆ کێوڵێبەرێ کە بە ماندویی و نەخۆشییەوە لە کێوڵێ دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە تۆی جێگا ڕۆژ بەڕۆژ نەخۆشینەکەی زیاتر لە پێی دەخات. پاش حەوتوێك ناردیان بە دوامدا وتیان براکەت نەخۆشە دەیەوی بتبینی. من لە گوندی هەنجیرە نوکەری خا لۆ سە لیمم بووم خێرا چووم بۆ گوندی بژی بۆلای، کە دیم زمانی نا گەری چاوێکی هەڵێنا و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، ناتوانم ئەو ئیحساساتەی ئەوسا بەیانکەم، بە هەرحاڵ. ڕۆژی دوایی خاڵۆکانم وتیان پێی بڵی با وەسییەتبکات، بەڵام من دڵم ڕازی نە بوو پێی بڵیم وەسیەت بکات. دوسێ ڕۆژ لەلای بووم، وەزعی هێندە خراپ بوو هیچ ئومێدێك بۆمانی نەمابوو. خاڵو ڕەشیم هات بۆ سەردانی خۆم و براکەم، کەزانی من چەن شەوو ڕۆژە بەدیار برای نەخۆشمدا دۆشداماوم دەعوەتی کردم لەگەڵیا بچم بۆ ماڵیان چەن سەعاتێك ئیسراحەتێك بکەم، منیش قەبوڵمکرد لە گەڵیا چووم، بەڵام پاش چەن سەعاتێك خەبەری مەرگی عەبەی برامیان بۆ هێنام.

بەڵێ بەمجۆرە ئەویش بە ئاواتی خۆی نەگەیشت! ئەو بەهارەی ئەو چاوەڕوانی دەکرد، کە من و ئەو پوڵ و پارە و قەرز و فەرزەکانمانی تێدا کۆکەینەوە و ژن بۆ

یەکێکمان بینین، ئەو بەهارەی عەبە بڕیاری دابوو زەماوەندێکی تێدا بکات و پاش چەندینساڵ شوانی و گاوانی و نۆکەری و ڕنج و مرارەت، ببێتە خاوەن ماڵ و حاڵ و ژن و منداڵ، هەرگیزاو هەرگیز نەهاتە پێشەوە......؟!

لەبەر ئەوەی هەرەسی دوسەرە بە کردەوە گوندی هەنجیرەی کردبووە گۆڕخانەی باوکو دایکو خوشکو براچکۆلەکەم ، بۆیە تەرمی عەبەی برایشم بردەوە گوندی هەنجیرە لە پەنای ئەواندا بە خاکمان سپارد. * * *

پاش مەرگی عەبەی برام نازانم کێ چۆن مەعموری سجیل ئەحواڵیان هاندابو وتبوویان کەسیکی بێکەس بە سەروەت و سامانێکەوە مردووە پۆلێ بزنی بەلای سلێمانی سۆفی کاکەمەدەوەیە لە گوندی بژی بەمیرات لە شوینی بەجێ ماوە. مەعموری سجیل ئەحواڵ دەچێت سلێمان (ملتزم) دەکات دەڵێ ئەو بزنانە، ماڵی دەولەتە. سلێمان هات و وتی دەبێ زوو بچی بەدەم ئەوکارەوە دەنا دەوڵەت ئەو بزنانە زەوت دەکات.

ناچار شایەتنامچەی خەڵکی بژیو هەنجیرە و کیولێیمان برد، بە بڕێك پارە و پاڕانەوە جا توانیمان ئەو بزنانە کە بیجگە لەمیراتیش بەشی خۆشمی پێوەبو کردیانەوە بەناوی خۆمەوە.

* * *

ساڵێك پاش مەرگی براکەم هێشتا هەر نۆکەری خاڵو سەلیمم بووم.

سەرەتای پایزی ئەوساڵە خاڵۆم وتی: بە قوربانتبم مستەفا گیان من ئەو جەڵەبە حەیوانەی کڕیومە دەیبەم بۆ تاران تا دێمەوە سێچوار نەفەر کرێکار بگرە تا گەڵا سەوزە گەڵاجاڕەکان داپاچە.

کە خاڵۆم چوو بەدوای چۆداری خۆیدا منیش ناردم لە گوندی کۆخەمامۆ لە خزم و کەس و کەسانی ناسراو چوار پێنج کەسم بە کرێگرت دەستم بە گەڵاکردن کرد. من بۆخۆم کوڕی کاربوم هەمیشە کاری دونەفەرم ئەکرد، چام بۆ لێدەنان باقە گەڵای دونەفەرم ئەبەست. یەکێك لە کرێکارەکان کە ئامۆزای خاڵۆ سەلیم بوو بێئەوەی بەخۆم بزانم لە پێواری ئەوانی تردا، بە وردی دامیە بەر پرسیار. دەیگوت:

= ئەو کەواو پاتۆڵە هێخۆتە؟ ئەی ئەو سەعاتە؟ کە وتم بەڵێ هیخۆمە ئەمجار جۆیای میزانی پوڵی نەختم بوو.

کەوتم من ئەوە نزیکەی دەساڵە خەریکی کار و کۆششم ئەوەی بە شوانی و گاوانی و ڕەنجبەری وەچنگم هێناوە بە فیڕۆ خەرجم نە کردووە. ئەویش وتی بە خواتۆ ئاقلی.

ئێمە بە کاروباری (گەڵا) کردنەوە بوین، پاش چەند ڕۆژ کە خاڵۆم لەتاران هاتەوە، شەو خاوەنکار و کرێکار نۆکەر کە گشتمان لە خاڵۆ و مەمۆ و برازاو خوارزا پێکهاتبوین. کەدیم مام خدر لە خاڵۆ سەلیمم نزیکبۆوە باسێکی لەگەڵدا دامزراند و بە ڕاشکاوی وتی من پێمخوشە فاتمی کچم بدەمە مستەفا. خاڵۆ سەلیم وەك گوڵ گەشایەوە، بێئەوەی پرسیکم پێبکا هەستا دەستی مامخدری ماچکرد. من کە ئاوا بێ (موقەدەمە) غافلگیر کرام، لەبەر ئەوەی کەسێکیترم خۆشدەویست، هەستام چومە ماڵی مامە عەبەم، زۆری نەخایاند مامخدریش بە دوامدا هاتە ئەوێ باسی مەسەلەکەی بۆ مامە عەبەشم هێنایە گۆڕێ.

بێشك مامە عەبەیشم وەك خاڵۆ سەلیمم خۆی بە خاوەنم دەزانی بۆیە هەر هەستاو بێ پرسوجۆ، نوسا بە دەستی مامخدردا ماچی کرد وتی: جاچی لەو کارە خێرە خۆماڵیە باشتر و خۆشترە.

گەرچی نەمن و نە فاتم هیچ پرسێکمان پێنەکرابوو، نازانم ئەو، بەڵام من کەسێکی ترم خۆشدەویست، بەڵام لەبەر ئەوەی نە من و نەفاتم ناڕزایەتیمان دەر نەبڕێ خاڵۆ و مامۆکانمان کەوتنە تەدارەکی زەماوەندی من و فاتم .

بێئەوەی من و فاتم یەکمان دیبێ ئەو لە گوندی کۆخەمامۆ و من لە گوندی سپیکەمەرە خاڵۆ عەزیزم لە گەڵ سێکەس لە سپیکەمەرەوە سێکەسیش لە کۆخەمامۆ دەچنە شاری بانە وەك وەکیلی من و فاتم لیکمان مارە دەکەن. بێئەوەی بەتەواوی لە وردەکاری شایی و زەماوەندێك کە بۆمن تەدارەك گیرابوو، ئاگاداربم، کاتێکم زانی بەپێی نەخشەیەکی لەپیشدا داڕێژراو بە بەشداربونی گشت کەوێڵ و کۆخ و ورتکە گوندەکانی دەوروبەر، فاتمیان بەبووکی لەبەر درگای ماڵی خاڵۆ سەلیمدا بۆمن دابەزاند. خزم و کەس وکارەکانم بەتایبەت خاڵۆ سەلیم و مامە عەبەم، بە شانازیەوە بێئەوەی بە خۆمبزانم زەماوەندیکیان بۆ ڕێخستم تا ئەو کاتوساتە زەماوەندی وا بۆ کوڕە ڕەعیەت نەکرابوو.

ئاخر خزمەکانم بەتایبەت خاڵۆ سەلیم و مامەعەبەم ویستبوویان وەیشومەی هەرەس و هەتیوی و بێباوك و دایکیم بۆ قەرەبوو کەنەوە.

## ئێستا ئیتر با بیرەوەری دادەفاتمیش ببیستین

## وتەکانی دادە فاتم

باوکم پێی وتم : کچم من بڕیارم داوە بە شوت بدەم من کەسێکم بۆ هەڵبژاردووی ئەگەر بە نەسیبی یەکترین من دڵم دەحەسێتەوە ئەوەی جێگای شادمانییە کەسەکە نزیکترین کەسی خۆمانە.

پاش چەندڕۆژ باپیرەی هاوبەشی من و مستەفا لەگەڵ چەنکەسێك هاتن و چوونە ماڵی حاجی حەسەنی مامم. کەباسی مەسەلەکە دەکەن. مامەحاجیم بە ناخۆشحاڵیەوە دەنیرێتە دوای باوکمدا، کەباوکم دەبینی پێی دەڵی چۆن بێپرس و ڕای من کچت بە شوو داوە؟ تومەس مامە حاجیم تەماحی تێکردوم سوکوئاسان لە یەکێ لە کوڕەکانی خۆیم مارەکات، لە سەر قسەی دایکم کە گوایا وتویەتی فاتم دەدەمە ڕەحمانی کوڕی حاجی حەسەن.

باوکم دەڵێ: ئەوکچەی‌من پاشمەرگی دایکی کویرەوەری زۆر دیوە نامەوێ بیخەمە ناو خاوو خێزانێکی زۆر چوارچاویکەن. دەمەوێ بیدەمە کەسێك تەنیابێت و بێسۆرە و کۆرە، ئەوکەسەیش بۆم هەڵبژاردوە خۆ بیگانەنیە و بەشی خۆی پوڵ و ماڵی دنیا و زیاتریش لەخۆی خاوەن عەقڵ و کەماڵ و جەماڵە، قەولێکە بە خاڵۆ سەلیمم داوە، ئیستا کە ئەو ئەم حورمەتە بۆ من و کچەکەم قایل بوە، باوکی و ئەم پیاو ماقوڵانەی ناردوە پاو پێڵاویان دەنێمە سەرچاوم.

سەرەنجام بەبێ ویست و ڕەزایەتی مامەحاجیم، باپیرەم پیاوملقوڵانی هاوڕێی هێنا ماڵی ئێمە کارەکەیان یەکلایی کردەوە. بە پەلە و گەرماو گەرم سێکەس لە لایەن باوکمەوە سێچوارێکیش لە ماڵی باپیرەمەوە، ڕوونتر بڵێم باوکی دایکی من و مستەفاوە بێمەحتەلبون چوونەشاری بانە و بە شەرعیو قانوونی منیان لە مستەفا مارە کرد.

ئیستا کە لە جەرگەی ئورپام شێوەی شوکردن و ژنهینانی شەهلاو عەبەی کوڕم دەدەمە بەر سەرنج و ئەوکاتەی بە بووکی هینامیان بۆ مستەفا کە قەت نەمدیبو، لەژێر چارشێوی بوکێنیەوە بەوردی ئەو خەڵکەم دەدایە بەر سەرنج لە دڵیخومدا دەمگوت: خودایە داخوا کامە مستەفای مێرد و میمکەزام بێت؟

بیرەوەریەکی سەیرە! باجیم واتە زڕدایکم بەدەم دەیبۆڵاند بەسەر باوکمدا، دەیگوت چون پیش ئەوەی کچوکوڕیك کە یەکتریانەدیبێ لیکمارەدەکرێن؟! بەڵام لە دڵەوە زۆری پێخۆشبوو من ملم بشکی لێی دوور کەومەوە، چونکە ئەوبۆ براو خوشکە چکۆلەکانم زۆر خراپ بوو منیش جاروبار لە گەڵی وەشەڕدەهاتم تا ئەوجێگە دارکاریشم دەکرد. پێموایە بۆیە باوکم بۆ گواستنەوە و زماوەند بۆمن عەجەلەی بوو، تا لە جەنگ و جەدەلی نێوان من و باوەژنم خۆیڕزگارکات.

ئاخر ناهەقم نەبوو لەگەڵ زڕدایکم دەستەو یەخەبم. گەرچی من بۆ باوکم و ژنەکەی ببوومە پیاوی کێوو ژنیماڵ. ڕۆژتا ئیوارە یاشوانی مەڕ و بزنەکانی خۆمان بووم، یان گەڵاکردن و مازو چنین، ئێوارەش بە کۆڵیك دار یان پیڵەواریکەوە کە دەهاتمەوە ماندو و مردو ئەبوایە لیباس و سەروملی براو خوشکە بێدایکەکانم بشوم و پێیانا ڕابگەم.

## دیسانەوە کاک مستەفا و بیرەوەرییەکانی

سەرەنجام بوك دابە زێنرا و سەرەتای ژیانێکی هاوبەشی بەڵام بە لانەوازیمان دەست پێکرد. دووبەش لە پایز و تەواوی زستان من وەك نۆکەر هیشتا شەرتم هەڵنەهاتبو، دیارە ژیانی لانەوازیمان نە بۆ فاتم و نە بۆخۆم تەحەمول نەدەکرا. چاوەڕوان و ناچاربوین لەگەڵ کۆتایی زستان و شەرتی نۆکەری سەرەتای ساڵی تازە بگویزینەوە هەواری تازە. گەرچی هەواری تازەمان، گا= تەویلە و گا= کادینێکی ماڵی خالۆ عەزیزم بوو بەڵام لەبەر ئەوەی ژیانی سەربەخۆمان تێیدا دەستپێکرد زۆر خۆش بو بۆمان.

بە باران لاسامەی بەهارەوە من شوانی و فاتم تاقی کردنەوەی ماڵداری دەسپێکرد. پایز پاش زەماوەندەکەمان خەڵکو خزم و کەس بزنەکانیان تابەهار بۆ بە خێوکردبوین، کە ژیانی تازە و ساڵی تازەمان دەسپێکرد هەشت بزنیزاو و چەند سەر بزنە قسرمان بوو، فاتم لەو هەشت بزنە مەشکە و مەلانی خۆماڵی هەڵخست، هێشتا یارمەتی هاوسێو دراوسێ و جارجاریش خالۆژنەکانمانی ئەدا.

پاش 2سال ماڵێك باریکرد ئاغای گوند ئەوماڵە و بڕیك گەڵاجاڕی پێداین . کە بوم بە خاوەنی ماڵ وگەڵاجاڕ بۆ بزنەکانم وازم لە شوانی هێنا، دەستمکردە کرێکاری و چەنسەر حەیوانیشم هەبو بەخێوم دەکرد هیشتا (تەقسیم ئەرازی) نەکرابو ئاغاوات دەستەڵاتیان بە سەر خەڵکدا مابو بەتایبەت (ڕەشایی ڕەشو ڕوت).

ئاغا،ی ئاوایی لەبەر ئەوەی بڕێك گەڵاجاڕی پێدابووم گەرەکی بوو شانبەشانی ماڵە دەوڵەمەندەکان و ئەوکەسانەی کێڵگە و گەڵاجاڕ و گیاجاڕیان هەیە لنگمدات. ئاخر هەر لەکۆنەوە ڕەسم بوە بە پیاوی تەنیاباڵ و کەم دەستەڵات زیاتر بیگار و پادەویان دەکرد. نە دەورو زەمانە دەوروزەمانی پێشوبوو نەمنیش هیندە بێدەستەڵات بووم ئاغا هەمیشە فلقەبێگارم پێبکات. کە هەڵسوکەوت ڕەفتاری بەگوبەگزادەکان و ماستاو کردنی مەلاکان و بڕیك حاجی و دەوڵەمەندەکانم دەبینی بەزۆر خویان بەسەر خەڵکی هەژار و دواکەوتوودا فەرز دەکرد، من بۆخۆم لەبەرانبەر ئەو داب و نەریتە دا مەقاوەمەتم دەکرد تەسلیمی ویست و خواستی ئاغا و ئاغازادەکان نەدەبووم بۆیە ببومە چقڵی چاوی ئاغا، دژایەتی من و ئاغای دێ، وەك ژیلەمۆی ژێر خۆڵمیشی لیهاتبوو! هەرکات لە ژیانەوەدابوو.

سەرەنجام ڕۆژێکی پایز کە خەریکی گەڵاکردنبووم خاڵێکم و ماڵێکی تریش لە تەنشتی منەوە وەك من خەریکی گەڵاکردنبون. خاڵەکەم وەك

من بەتەنیا کاری دەکرد بەڵام هاوسێکەمان کچ و کوڕێکی خۆی لەگەڵیابون. نازانم خاڵۆم بۆ لەگەڵ هاسێکەماندا بووە دەمبۆڵەیان، دەمبۆڵە بوو بە شەڕ لەنێوانیاندا، من چوم ناوجێییان بکەم شەڕەکە توندو تیژتربوو بە تەوراس قۆڵی کچەکە و پشتملی کابرا بریندار بوو منیش ئەوەڵ ناوجێییم دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوە ئەوان سێکەس بون ناو جێییەکەم بو بە پشتیوانی لەخاڵۆم ئاخر ئەوان سێکەس بون خاڵۆم بە تەنیابوو. باشمان لێدان، کچەکەیان بە برینداری بۆ شکات و سکاڵا چوو بۆلای ئاغا، ئاغایش ئەوەی لەمێژ بوو چاوە ڕوانبوو بۆ هەلێکێوا بۆی هەڵکەوی بۆی هەڵکەوت، کوڕەکەی هات و لە دوورەوە ئامرانە

بانگیکردم بچمە خوارەوە بمبات بۆلای باوکی، بەڵام من نەچووم ئەو هاتە سەرەوە یەخەی کراسەکەی گرتم وتی:

بە شەڕەناوجێیی کچی کابرات بریندار کردووە و ئیستایش ملهوڕی دەکەیت نایەی بۆ لای باوکم.

کوڕی ئاغا شەپلاخەیەکی تێسرەواندم من لێی پاڕامەوە وتم ئیحتیرامی خۆت ڕاگرە، ئەمجار شەقێکیشی لە بەر گەدەم هەڵدا. تیتر منیش یەخەی ئەوم گرت، سێچوار شەقم لە بەر ورگی هەڵدا زەرد بوو بەدەستمەوە، کەزانیم هەوڵی ڕزگاربونی دەدا بەرمدا و بە جێمهێشت، وامدەزانی ئیتر دانیشتنم لەو گوندە ئەگەر مەحاڵیش نەبی مشکیلەیە چونکە من بەتاقی تەنیا بەربەرکانێی خێڵی حەمەڕەشیخانم پێناکرێ، هەڵاتم بۆ شاری بانە دووچاوە خانوم بە کرێکرت مانگی بە 14تمەن و گەڕامەوە بە دڵەڕاوکی چوومە ماڵی مامە عەبەم وتم ناچارم بڕۆم لیرە.

کە دەستمکردە کۆکردنەوەی کەلوپەل، ئاغا لەپەنجەرەی دیوەخانەوە بانگیکرد وەرە بۆ ئێرە من جوابم نەداوە، زانی لێبڕاوم دەڕۆم، خۆی هاتە خوارەوە لەپێشدا بە هەڕەشە و پاشان بە مۆجیاری وتی بۆ خۆت گەوج ئەکەی مەڕۆ، بەخوا بە قەد جەلالی کوڕم خۆشمدەوێی.

سەرەنجام کە زانی من جدیم و بە قسەی ناکەم، ئەمجار شێوەی هەڵویستی گۆڕی بانگی کرد مەلا و پیاوە گەورەکان و مامۆستای قوتابخانە کە لەو دەورانەدا(سوپای دانش) بوو ،هاتن پێی وتن ئەوەتانی لە پیشچاوی ئێوە بە قسەمان ناکات خۆ ئاگاتان لێیە ئیخلالگەری و گیرەشێوینی دەکات بە (سوپای دانش) ی وت بنووسە ئەمە ئیخلالگەرە، سوپایش دەستی کردە نوسین، من لە سوپای دانش تووڕە بووم وتم: تۆ ئاگاداری ئەوەی ئەو دەیڵێ؟ ئەویش وتی من دەنوسم، تۆیش هەرچی بڵێی بۆت دەینوسم.

سەرەنجام پاش ئەوەی ئاغا کابرای هاندا بچێ شکاتم لێبکات. منیش چوومە ماڵی کابرا، لێی پاڕامەوە بم بەخشی، پاش منجە منج وڕاوەڕاو بە هۆی دۆستایەتی و هاتوچۆی دایکی بۆلای فاتمی هاوسەرم، ڕازی بوو لە شکاتکردن سەرفە نەزەریکرد. بەڵام بەوحاڵش من لە کۆچکردنەکەم سارد نەبوومەوە. تا ئەوەی ئەو خزم و دراوسییانەی کۆچکردنم لە قازانجیان نەبوو بە قورعان هێنانە حاجات منیان پەشیمان کردەوە . منیش کە هیندە موسوڵمانێکی تۆخ بووم لە بڕیارەکەم کۆڵمدا ئاخر لەو سەر دەمەدا دەروشێکی لە خواترسبوم.

دژایەتی و دوژمنایەتی من و ئاغاکەمان هێندە بۆمن خەتەرناکبوو، ناچار بوم وەزعی خۆم بۆ خزمەکانی شلێرم باس بکەم، ئەوانیش بۆپارێزگاری لە گیانم ئەسڵەحەیەکیان بە نهێنی پێدام زۆر نەسیحەت و ڕێنوینیانکردم. پشتیوانی نهێنی و نەسیحەتەکانیان تا شورش و ڕوخانی شا بومن بەردەوام و حەیاتی بوون.

گەرچی تا ڕوخانی ڕژیمی شا بە نهێنیەوە بۆ پارێزگاری تفەنگ و دەمانچەم هەبوو بەڵام شێوەی موباریزەی دژی دەرەبەگایەتیم گۆڕی.

لە زۆر فەرهەنگی دینی و نەتەوایەتیدا بڕێك شت، یا ناو، یا ژمارە .... بە نەحس و شووم دەژمێردرێن، بۆنمون، 13 و 16 یان ناوی وشەیك وەك بەهانە بۆ ناتۆرە و ناونیتکە لەیەکنان بو قەڵس کردنی یەکتری بەکار دەهێنرێ. منیش بەئەنقەست حەساسیەتم بە ژمارەی 18 نیشان دەدا ناتۆرەی مچە هەژدەم کردە بەهانەیەك بۆ خەباتی دژی دەرەبەگایەتی وەك کەسێکی دێوانە بە جنێو و توندو تیژیەکەوە داخ و زوخاوی دڵم بە سەر زوڕیەتە بەگزادەکاندا هەڵدە ڕژاند.

لەبەر ئەوەی ساڵ بەدوای ساڵدا ژمارەی منداڵەکانم زۆرتر و کزرتر و گەورەتر دەبون دەبوایە لە شێوەی کارو ژیانیشمدا ئاڵوگۆڕیك پێکبهێنم، بۆیە ناچاربوم کارێکی پڕ دەرامەدتر پەیداکەم. منی خاوەن حەوت سەرخێزان ئیحتیاجم بە ئاو و زەوی بوو تابتوانم نیازمەندی منداڵەکانم فەراهەم کەم. کشتوکاڵ وەڵامدەرەوەی نیازی منداڵ و هەتا پاتاڵەکانیشم بوو. هەر وەك منداڵەکانم بەهارو هاوین پێویستیان بە تەڕەکاڵ و دانەوێڵە بوو. مانگا و بزنەگەلەکانیش پێویستیان بە کاو جۆ و وینجە و شەوەر بوو.

مرخم لە مووچەو مەزرایەکی گوندی بۆیەنی خوارو خۆشکرد. ئەو موچە لە گوندی ئیمە نزیکتر بوو، بۆیە دەستەو داوێنی ( ئەحمەدی قالەحاجی)بووم تا بەشکەم بە نیوەکاری بمداتی. سەرەنجام لەگەڵ ئەحمەدی قالەحاجیٚدا ڕێکەوتم. گاجووت و تۆ و ئاو زەمین لەو، کێڵان و دروینەو کۆ کردنەوە و شەن و کەوکردن لەمن.

کە بووم بە نیوە خاوەنی ئاو زەوی، کە بۆ یەکەمجار بووم بە خاوەنی گەنم و جۆ و نۆك ونیسکی چێنراو و سەوز، کە بەدەم شنەی باوە گەنم و جۆم کەرویشکەی دەکرد. کە بووم بەخاوەنی تەڕەکاڵ، خەیار و ترۆزی و پیاز و تەماتە و بامێی بەرهەمی زەحمەتی شانوقۆڵی خۆم! کە بینیم منداڵەکانم چاوە ڕوانی بەشی چێشتێك تەماتە و پیوازی ماڵ خاڵۆ و مەمۆکانیان نین، کەدیم منداڵکانم بیخەم گوێلك و کارژۆڵەکانیان لە ناوجۆجاڕو پەرێزی خۆیاندا دەلەوەڕێنن، هەستم بەئیسراحەت دەکرد.

ئەوسا کە بە نیوچە ئاواتێکم گەیشتبووم، بەبەر ئەو نیوەکاریەشەوە لە بەهارو هاویندا ناوبەنا کرێکاریشم دەکرد. پاش گردوکۆ کردنەوەی خەلە و خەرمان و کاو کۆتەڵ و گزرە و گەڵا، وەك کریکارێکی (وەرزی) لەگەڵ خەلك و هاو چین و چارەنوسەکانمدا بە دوای کاردا دەچووم بۆ (ئەهواز) و تاران و تەورێز.
لە ماوەی ئەو سیٚساڵەی پیش ڕاپەڕین و ڕوخانی ڕژێم شاهەنشاهی بێجگە لەوەی ماڵو منداڵم لەچاو ساڵەکانی پێشووی تەمەنم، دەکریٚ بڵیم بە نان و نەوا و نیمچە سەربەخۆییەك گەیشتبووم.
سەرەتا کە لەگەڵ دەستەیەك لە کرێکارانی وەرزی ڕوومکردە تەورێز وەك کریکارێك دەست بەکار بووم، بەڵام وردەوردە پاش ماوەیەك وەك جاروبار کاری قونتەراتیشم دەکرد پاش دوساڵ بوم بە جیگای متمانەی کرێکارەکان و خاوەنکارەکم، وەك سەرکرێکارێك حیسابیان بۆ دەکردم.

شیرکەتی ساختومانسازی (بانگی ڕەهنی نیسف راە) لە تەورێز.
ئەو شیرکەتە نزیکەی دەهەزار کریکاری دایمی و وەرزی کاریان تێدائەکرد . ئەم شیرکەتە چەندین (شعبە) کەرتی جیاجیای هەبوو.
وەك وتم منیش پاش دوساڵ بومە جێگای متمانەی کریکارەکان و کارفەرماکان، بوم بە سەرکریکاری 25 کەس.
ڕۆژێك پیاویکی بەساڵاچوو بەناوی شیخ ڕەشی خەڵکی گوندی سوورێن هات داوای لێکردم وتی: یارمەتیم بدە با کارم پێبدەن. منیش لەلایخۆم دامەزران. کەباسی داماوی خۆی بۆ کردم وتی:
سیٚساڵە کاسپیم کەتیرە کردن بوو ئیمساڵ بارانی بێوەخت کەتیرەکەی لێخراپ کردم پوڵی ئیجارەی ئاغایش بوو بەزەرەر بە سەرمەوە. کابرا دەستی بەکارکردن کرن. ڕۆژێك وتی:
کاك مستەفا دەچی بۆ ناوشار بڕیٚ شتی خۆش بێنە با ئیمشەو چێشتێکی باش لنێین، لەبیریشت نەچیٚ لامپێك بێنە بۆ ئەو دالأنە با ئیمشەو بڕێك هەڵپەڕین. من چوم شتیباش ولامپیشم هێنا. پاش خواردنی شامیکی خۆش لەبەر شەوقی چرابەرق دەستمانکردە گۆرانی و هەڵپەڕکیٚ و بەزم وشادی بێجگە لە ڕفێقەکانی خۆمان زۆرکەسی تریشی لە دەور کۆ بۆوە.
بێشك مام ڕەشی بۆ دڵخۆشی کرێکارەکان بوو سەرچۆپی گرت و کردیە قرمە وقاڵ و قریوە قریو.
ئەو شەوە بۆ گشتمان یەکێك لە خۆشترین شەوەکان بوو. پاش شادیو خۆشی دەبوایە بخەوتاین خۆمان بۆ کاری بەیانی (شارژ) بکردایەتەوە. ئێمە کە هەر بەیانیەك یەکێکمان چایی و بەر قلیانمان بۆ گشتمان ئامادە دەکرد. بەیانی کە هەستاین گشتمان لە دەوری سفرە کۆ بووینەوە مام ڕەشی هێشتا هەڵنەستابوو. منیش چوم مام ڕەشی هەستێنم وتم مام ڕەشی گیان هەستە نان و چاییەکەت بخۆ ، کەچی مامڕەشی جوابی نەدایەوە کە دوپاتمکردەوە جوابی نەبو لێفەکەم لە سەر لادا کەبینیم ناجوڵێتەوە تێگەیشتم کە مردوە، مەرگێکی ئاوەها لە کاتو ساتێکدا کە کرێکارەکان خۆیان بۆ دەستبەکاربونی ڕۆژانە ئامادە دەکرد، تەراژدیایەکی خولقاند. کریکارەکان کە دەبوایە پاش چەن دەقیقەی تر بچنە سەرکار. من خێرا کارفەرمام خەبەر دار کرد و وتم ئێمە یەکیکمان لێمردوە ناتوانین و ناکریٚ ئیمڕۆ بێینە سەرکار.
کار فەرما هات و لەبەر ئەوەی کارەکەی نەوەستی فریوی داین وتی:
تۆو دوکەس نەبی باقییەکەتان بچنە سەرکار من تەرتیبی گشت ڕیٚو ڕەسمی گواستنەوەی مردوە کەتان بۆ ئەدەم. بە ناڕەزایی و دڵەڕاوکی کرێکارەکان چوونە سەرکار، پاشماوەیەك دیم کارفەرما پۆلیسی هینا من و مەیت و ئەو دو کرێکارەکەی بە دیار مەیتەکەوە بوین بردمانیان، مەیتیان بردە پزشکقانونی و ئێمەیشیان دەس بەسەر کرد. پاشان منیان (مولتەزیم) کرد و دوکەسەکەی ترمانیان وەك بارمتە گلدایەوە.
من هاتمەوە بۆلای کارفەرماو کرێکارەکان، پاشان بە پرسوجۆو مەسڵەحەتی گشتمان پارەیەکمان کۆکردەوە، کرێکارێکی بومی کە مام ڕەشی دەناسی ناردمان بە دوای کوڕ و کەسوکارەکەیدا، لەو پارەی کە لەناو خۆماندا کۆمانکردبۆوە. پاش دوڕۆژ کوڕەکەی و زاوایەکی گەیشتن. ناخۆشتر لەگشت ئەوەبو زاواکە دەستیکردە هەڕەشە و وتی:
با بزانم چۆنتان کوشتوە. بەڵام هەر لە سەعاتی ئەوەڵەوە کوڕەکەی بەرخوردێکی باشی لەگەڵکردین. پاش سیٚڕۆژ لە پزشك قانوونیەوە سەبەبی مەرگی موشەخەسکرا و جەوازی دەفنی کابرایان بە کوڕەکەی دا، پێیانوت باوکت سەکتەی کردوە، هیچکەس باعیسی مەرگی باوکی تۆنیە. ئێستا ئیتر زاوا لە خەجاڵەتیا نەیدەتوانی سەری هەڵێنیٚ.
زۆر ئیسرارمانکرد کە مەیتەکەی نەباتەوە. بەڵام کوڕو زاواکەی زۆریان پێخۆشبوو بیبەنەوە. ئیمەیش تابوتێکمان بۆ کڕی و ماشینێکمان بۆ بەکرێگرت. باقی ئەو پووڵەی لە گشتمان کۆکرابۆوە بە کوڕە کەم دا. بە شایەتی کرپکارەکان و ئیمزای کار فەرما کرێی 17 ڕۆژ کارەکەیم لە گیرفانی خۆمدا تا ئەوان مەحتەل نەبن دواجار من کرێی 17 ڕۆژەکەی بۆخۆم وەرگرمەوە. کە بە زەحمەت و ڕیزەوە بە ڕێمانکردن کوڕی باوك مردو و زاواکەی نەیانده زانی بە چ زمانیك سویاسمان بکەن.
بەڵیٚ: شیخ ڕەشی بەدوای پاروەنانێکدا هاتە تەورێز. بەڵام پاش کەمتر لە مانگێك مەیتەکەی و بڕێك پوولی خێرەومەندان و کرێی تاقە 17 ڕۆژی کرکاریەکەی لە تەورێزەوە بۆ هاوسەرە بە ساڵاچووە کەی لە گوندی سوورێنی بانە نێررایەوە.

دوابەدوای مەرگی شێخ ڕەشی سوورێن، ڕۆژێك بەبەر شیرکەتێکی خانو دروستکردندا دەڕۆیشتم خەریکبون سەربانیان قیرو گونیە دەکرد، لە لایەکیشەوە خەریکی داربەست کردەنبون. ڕوداوێکی دڵتەزێنم بینی کە ئیستاش دە کەوێتە

بیرم تەزوی مەرگ بە لەشمدا دێت. لە سەر داربەستەکەوە کرێکارێك کەوتە ناو مەنجەڵە قیری کوڵاوەوە.

ڕۆژێك پیاوێکی سپیکەلەی فارسیزمان، بە سیمایدا دیاربوو خوێندەوارە، هات داوای لێکردم کاری بدەمی. وتم کاکە گیان تۆ دیارە تەحسیلکەردەی چۆنە ناچی ببیە موعەلیم یان کارمەندێکی پشتی کورسی و مێز، چیتداوە لەم کریکاری و کولەمەرگیە؟ ئەویش بە هێنانەوەی دەیان بەڵگە لەنابەرابەری ژیانی کرێکاران و کارمەندانی دەوڵەت وتی: ئەمدەوڵەتە خوینی خەلکی هژاران هەڵدەمژێ. منیش بە توندی بەر هەڵستی وەستام کوێرکوێرانە دیفاعم لە دەوڵەتکرد.بەڵام ئەو زۆر بە نەرم و نیانی وتی من ئەوەتا بەدوای کاردا دەگەڕێم حەتا تۆیش بەراحەتی حەماڵیو کاسە کێشانم پێڕەوانابینی؟!

قسەکانی زۆر تەئسیری تێکردم وتم: کاکە گیان کاریش شەرت و شروتی هەیە، باشە ئیمڕۆ لە گەڵمانبەو دەستەبەرە سیمانمام لەگەڵ هەڵگرە بۆ ئەو سەرە. کە دەستمان بە کارکرد تا نیوەڕۆ کەوتە ملەجاوکێ، دیاربو دەست و پەنجەکانی کاریان پێنەکرابوو. زۆر دلم بۆی سووتا بۆیە ئەمجار ئەوم خستە پێشەوە بۆ ئەوەی زۆربەی قورساییەکەی بکەوێتە سەر شانی خۆم.

سەرەنجام کە بۆم دەرکەوت کابرا کوردە و بەفارسی قسەی دەکرد. وەها خۆی لەمن و کرێکارەکان نزیککردەوە، کارێکی ئاسانم پێسپارد، نامە سەر یەکیك لە ئاسانسۆرەکان بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵماندا دەوامبینێ

ڕۆژێ درگای باسێکی لاکردمەوە من بەو باسە یەکجار نامۆ و بێگانە بوم. باسی لە تەزاهورات و ڕاپەڕینی کریکاران بۆ ماڤ حوقوقی چینایەتی کرێکاران دەکرد. بۆ یەکەمینجار بیستم و بە گوێیاندادام، کە گشت سەروەت وسامانی دنیا بە ڕەنج و زەحمەتی کرێار بەرهەمدینرێ، کەچی کریکار ماڤ کەڵك وەرگرتن و مەسرەفکردنی ڕەنجی شانی خۆی نیە! ئەوسا ئەم ڕاستیە بۆ من هیندە قورس و گران بوو بۆم تەحەمول نەدەکرا بۆیە بە توڕەییەوە وتم وانیە، من ئەوە سێساڵە لەم شیرکەتە کاردەکەم قەت تمەنێك حەقیان نە خواردوم. زۆر قسەی بە گویمدا دا هیچم لێ وەرنەگرت. بەڵام هەستم بەوە دەکرد کە کابرا ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەرچاوم ئیسکسوکتر و شیرینتر دەبێت.

ڕۆژێك وتی کاك مستەفا ئەگەر تەزاهورات دەست پێبکا تۆ بەم کرێکارانەوە هاو بەشی ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکەی؟ وتم نا.

وردە وردە مقۆ مقۆی تەزاهوراتم دەبیست. بەڵام لەبەر ئەوەی بێسەوادبووم و مەگەر بە دەگمەن دەنا دومانگ جارێکیش تەلویزیۆنیشمان نەدەبینی. ڕۆژێك دەنگی هەراو هوریا دەستی پێکرد، کابرا وتی ئائەوەیە تەزاهورات با بچین هەرنەبی لەدوورەوە ببینین. بەر لەوەی ئێمە وەخۆمان کەوین کە بەچاوی خۆم بینیم گشت کریکارانی شیرکەت دەستیان لە کار کێشاوە بەرەو شەقامەکانی شار ملیان نا. کە ئیمەیش دەستمانکردە جموجوڵ و بینیمان هەر خەڵکە هیرش دەکەنەسەر بانگ و بینا دەوڵەتیەکان، کابرا ئێمەیشی هاندا ئەوکارە بکەین کە گشت خەڵکی ڕاپەڕیوی تەورێز دەیانکرد.

بڕێك دوورتر لەو شیرکەتە عەزیمەی ئێمە کارمان تێیدا دەکرد. پیشانگایەك واتە بنکەیەکی ماشینفرۆشی هەبوو، چەن تەبەقە و شووشەبەند، جوانترین و مودیڕنترین ئەنواعی ماشینی بۆ نمونە تێدا دانرابوو، ئیمەیش بۆ ئەوەی لە کاروان جێنەمێنین و لەو ڕاپەڕینەدا بەشدار بین، بە بەرد و دار ئەو کۆشکە لە شووشە دروستکراوەمان تێکشکاند، ئەو ماشینە سواریە شیکو شیرینانەی سەرپۆشی سپییان بەسەردا درابو دەربو داغانمانکردن.

ئیستا ئیتر کابرا بە کردەوە جێی کارفەرمای بۆ گرتووینەتەوە. وتی تا ئێرە جاریێ بەسە. کاك مستەفا گیان زوکە تا دوکان و بازار بە تەواوی تەختە نەکراوە، خواردەمەنی زەخیرەکە، بەتایبەت نان و برنج و ڕۆن و قەندوچایی.

# ئاڵاّ



ئەنوەری ڕەشی عەولا

من... ئێمە
تۆ ... ئێوە
ئەو ... ئەوان نین!

ئێمە: من و تۆ و ئەوین
ئێوە: تۆ و ئەون
ئەوان: ئێمەو ئێوە نین!

= من کێم
= تۆ کێی
= ئەو کێیە..؟

ئاخر
= نەتۆ منیت
= نە من ئەوم !!

گەرچی دەزانم.. کەس پێویستی بەوە نیە بزانێو
کەسیش پێویستی بەوە نیە پێی بوترێ!

.......................................

**ئاڵاّ**: با لەو ڕاستیە خۆڵەمێشییەی ژوور سەری خۆم بگەڕێین و بۆ شۆخیەکانی زمانی بەجێ بێڵین. هیچ نیە تەنیا گەرەکمبوو گەمەیەکی نێوان زمانی فەلسەفە و فەلسەفەی زمان تاقی بکەمەوە کەچی مەخابن لەو ڕوبەرەدا نەبوو بەهیچ کۆمیدیا نەبێ.

(( نازانم بۆ ڕەنگی سوور.. کۆتەڵی خوێنی شەرەڤ کانیوناموسی لاسك وبەزمی گەزیزە و ئایەتی باڵندە و پاکی کارژۆڵە و جەماڵی ژن و مناڵ و کیژۆڵە و مێرمناڵ و پیرەمێرد و شێخی داریکەلی شێخی پیران و نەهری و قازی و سمکۆ و بارزانیو شیعرەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و گەلی بازێو نالی و مەحوی و گۆرانم بیر دەخاتەوە.


ڕەنگی سپی.. بەفر و ئاشتیو بەیبوونیش نییە، مەخابن ئاسمانێکە لە حەژمەتا بۆ ئەو تەرمە هەتیو کەوتو و بێکەس و ڕووت و قووت و گومناوانە بوو جاوی سپی.

ڕەنگی سەوز .. بەڵێ هەر لەبەردەم دەروازەی خاکەلێوەدا سەرەتای ئەم کەرنەڤاڵی کۆستە بوو.

گەر بڕوا بەمن ناکەن، خۆر بەسەر ئەو پانۆڕامایەوە گەواهیدەرێ بوو ببووە زەعفەرانی زەرد دەست و پاو باڵەکانی ونکردبوو، تەنیا چاوەکانی بێوەنەوز بوون و زیتەزیتیانبوو.. داخوا دەتوانن پێی بێژن ئاخرچۆن پێڵوی لێك بنێ چۆن !؟

سەیرە.. دەتگوت لە مانگی ئازاردا سیحرم لێکراوە، سەماکانم پێیەکی لە ئاگردا و پێیەکەی تری لە ئاودایە. فڕینم باڵێکی لە نەبوندا و باڵەکەی دیکەی لە بووندایە. ئا لەوێوەڕا کێ دەڵێ مەرگ و ژیان سزا و خەڵات، ئاشق و مەعشوق نین با بفەرموێ بۆ خەڵوەتگای نیشتیمانی بێشوورەی من.

ئاسۆ ڕەشید بیارەیی3-6-2004
وەرگێرانی لەسویدیەوە




## ئازاردانی دەروونی منداڵ

<u>پێناسەی ئازاردانی دەروونی منداڵ</u>
هەموو کردارێکە یان بایەخنەدانێکە کە کارێکی نەگەتیف دەکاتە سەر مێشك، سۆزی منداڵ و گەشەکردنی،هەستی خۆیی،توانای کۆمەڵایەتی ومەرجەکانی بۆ پەیوەندیە سۆزە نیزیکەکانی.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە <u>ئازاردانی دەرونی</u> شێوازەهەڵسوکەوتێکە کە بەمنداڵ ڕادەگەیێنرێ کە بێکەڵکە، خۆشەویستنیە،نەویستە و بوونی ناڕەوایە کاتێك ڕوبەڕوی پێوویستی ئەوانیتردەبێتەوە.

<u>نموونەی ئازاری دەرونی</u> :ڕەتەکردنەوە،ترساندن،گۆشەگیرکردن،هەڕەشەی جەستەیی(فیزیکی)و دەرونی(سایکۆلۆجی) لێدان و چەوساندنەوە.

<u>ئازاردانی ئەکتیف :</u>جۆرە شێوازیکی سوکایەتیە کەدەرهەق بەمنداڵ ئەکرێ. دەشێ منداڵ بشکێنرێ لەرێگەی سوکایەتیپێکردن، جنێودان،ڕەخنەگرتن، هەڕەشەکردن، یاخود بکرێتە قوربانی..هتد. یان بریتیبێت لەڕەتکردنەوەی لەلایەن باوك و دایکەوە و هەڵوێستێکی دژایەتیوەرگرن و خۆ تورەبنوێنن بەرامبەر منداڵ یان لەرێگەی بێگوێدان و لەبیرکردنی.

<u>ئازاردانی ئەکتیفی منداڵ</u> : ئەم جۆرە شێوازە ئازاردانانە دەگرێتەخۆی: زۆرجار هەڕەشەی بەجێهێشتنی لێدەکرێ. سزادانیش دەبێتەکارێکی ئاسایی. منداڵ لەتۆی چوار دیوارد توونەدەکرێ، داپرینکردنی لە هاوبەشی خێزان، دوورخستنەوەی لەهاوتەمەنەکانی یان سەیرکردنی وەکو هیچ، کەکەس نەگوێی لێبگرێ نە بیدوێنێ. باوك و دایك هەڵوێستێکی نەگەتیفیان هەیە بەرامبەر منداڵەکە و هەردەم تایبەتمەندیە نەگەتیڤەکان دەخەنە ڕوو بۆی. منداڵ لەسەرەتاوە تێدەگات کە ئەوان(باوك و دایکی) کارێکی هەڵەدەکەن،کە شێتن، باشنین و خراپن..هتد

<u>ئازاردانی دەرونی(خاو) پاسیف</u> کە پێشی دەوترێ فەرامۆشکردنی سۆزگەڵ کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ منداڵ بریندارناکات و نایشکێنێ،بەڵام پەیوەندی بەنەبوونی توانای خودی باوك و دایکەوە هەیە کە ناتوانن پێویستیەکانی منداڵ بهێننەدی. ئەوان(باوك ودایك)کەکە هێندەی سەرقاڵی خۆیان و گیروگرفتەکانیان کە ئاگایان لە منداڵ و پێویستەکانی نیە.

ئەو جۆرە باوك و دایکە ئەوانە ئەگرێتەوە کە خۆیان نەخۆشی دەرونییان هەیە یاخود گەشەکردنی دەرونیان کەمە و بەئاسانی ناتوانن سۆز و دڵنیای، هاندانی عەقڵی و بوونێکی جێگیربدەن بە منالەکانیان کە پێویستیانە.
هەروەها دەتوانریت ڕەفتاری ئەو خێزانانەش بخریتەسەر <u>ئازاردانی دەرونی(خاو) پاسیف</u> کە دایکەکان دووچاری لێدان و ئازاردەبنەوە ، ئەو خێزانانە کە بەدەست گرێی دووبەرەکی و ناکۆکیەوە دەناڵێنن. لێرەدا کە دایکەکە ئەرکی پەوەروەردەکردنی منداڵەبگرێتە ئەستۆ.

ئەو باوك و دایکانەی کە بیرلە مندڵەکانیان ناکەنەوە زۆرجار تێگەشتنیکی وایانیە کە لە پێویستیەکانی منداڵ و ڕەفتارکردن لەگەڵیدا تێبگەن و مەبەست لەپەیوەندی (باوك و دایك) بەمنداڵەوە چیە. ئەم جۆرە باوك و داياكانە لە شپرزەیی، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، بێیارمەتی دەژین و خۆیان ژیانێکی پرکەموکوریان بروەتەسەر.
ئەگەر منداڵ دووچاری ئازار دەروونیی بکرێ تووشی فرەشکستی هەست دەبیت و (من)ەکەی و هەستی بەخۆکردنی دەروخێنرێ. ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی بریندارکردنی هەستگەلێك کە سەرئەنجام بێتوانایی و کەم خۆراکی لێدەبێتەوە، کە دەبیتە گیروگرفت لەتێکەڵاوی کۆمەڵایتی گشتیدا و لەکۆتایشدا مەسەلەی پەیوەندکردن و بوون بەباوك و دایك.
<u>بایەخنەدانی دەرونی بە منداڵ</u> بەروکەش هیچ نیشانەیەکی نابینرێ، بێجگە لە بارە توندەکەی، بەڵام کارێکی شکستە ئەکاتە سەر گەشەکردنی. ئەم جۆرە ئازاردانە دەرونیە(<u>بایەخنەدانی دەرونی بە منداڵ</u> )هەستی بەخۆکردنی منداڵ بریندارئەکات و کاردەکاتە سەر تێکەڵی کۆمەڵایەتی، کاردەکاتەسەر هۆش گەشەکردنی ڕادەی فێربوونی . هەرچەندە دەرئەنجامەکانی ئەم جۆرە ئازاردانانە ڕاستەوخۆنابینرێن، بەڵام کەمنداڵەکە گەورەتربوو باشتر دەردەکەون.

<u>بایەخنەدانی دەرونی دژوار بەمنداڵ</u> ئەم جۆرە بایەخنەدانە نەك تەنها دەبێتە هۆکاری بریندارى دەرونی ،بەڵکۆ ڕیگەدەگرێ لەگەشەی جەستەیی. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کەمێشکێش ئاسایی گەشەناکات.

هاندانی بیرۆ و هۆش و سۆز لە تەمەنی یەکساڵیدا زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی سیستەمی نەرڤەکانی منداڵ. بایەخنەدان دەبێتە هۆی پەرۆشی دەرونیی و کەمتوانایی لە بیرو هۆش.

Barbro Hindberg
Psykisk misshandel
2002-03-07

# جیهانی منداڵان

## تیرێک و سێ نامانج

سیمینار و کونسرت و شەوئاهەنگ

گۆڤاری جیهانی منداڵان لە شاری یۆتیبۆری هەستاوە بۆ سازدانی جێژنی سێساڵەی تەمەنی خۆی و یانەی سەیاری سارای منداڵانی ئەوسا لەسلێمانی و ئیستای لە شارەکانی سەقزو بۆکان.

سەرنج و تێبینی ئەم جێژنە تایبەتە بۆ پشتیوانان و یارمەتیدەرانی مەعنەوی و مادی خۆیو یانەی سارای منداڵانی ئەوساو ئیستاو داهاتوو. بلیت نافرۆشرێ تایبەتی ئەو کەسانەیە دەعوەتنامەیان بۆ نێرراوە کات و سات 12 /6 / 2004 لە فولکتهوسی هەمارکوڵان، کاتژمێر 17.00 - 22.00 دوای نیوەڕۆ

### سیمینار:




جیاوازی پەروەردەی منداڵان و ئاکامی دەروونی




### کۆنسێرت و ئاهەنگ:




سمکۆ گەردی



میوانە بەڕێزو خۆشەویستەکان بەشداریتان لەم سیمینار و جیژن و شەواهەنگەدا کە بۆ سیێهەمین ساڵگەردی گۆڤاری جیهانی منداڵان ئەوسا لە سلێمانی ئیستا لە سەقز و بۆکان پێکهێنراوە مایەی خۆشی و شادمانیمانە.
هەروەها بەخیرهاتنی پەروانەی قوریشی دەکەین کە لە کیشوەری ئاڵمانەو هاتوە بۆ پیشکەشکردنی باسێك لە سەر جیاوازی پەروەردەی منالْ و ئاکامی دەرونی ,...

ئازیزان ڕیزی بەرنامەکەما بەمشیۆەیە بەڕیۆە دەچیٚ
سەرەتا وتارێکی کورت لەلایە کاك عەلی کیتابیە لەسەر چۆنیەتی بونیادنانی گۆڤاری جیهانی منالان و یانەی سارای ئەوسا لە سلیٚمانی ئیستا لە سەقز و بۆکان و سبەی لە سنە. ئەجار خاتو پەروانە باسی دەروونناسیەکی دەس پیٚدەکات بە شوینیدا کونسیرت ئاهەنگیٚك لەلاٌیەن ڕزگار فەتاحی بەڕیٚوە دەبریٚ

موجری و بەڕیۆە بەری بەرنامە ئەحمەد ئاسۆ



میوانە خۆشەویستەکان و پشتیوانانی گۆڤاری جیهانی منالاٌن و یانەی سارای منداڵان بەشداریتان مایەی شانازیە.
ئازیزانم ئەم هەلومەرجە و ئەم سیمینار و جیژن و شەواهەنگە جەوهەی بەرهەمی زیاتر لە 50 ساڵ لە حەفتاساڵی تەمەنمە. لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم بەرهەمی دەرد و ڕەنج و کوێرەوەری بە درێژایی ژیانمە کە بە راست و ڕەوانی لە ناو دەروونی ڕۆمانەکانی سارا و سوڕسوڕەی مەرگمدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە ئەم جێژنە و ئەم نمونە گۆڤارەی ئێستا لە سەر میزی بەردەستتاندایە ئەنجام و ئاکامی دەیانساڵ خەبات و تێکۆشانمە لە دژایەتی و بەربەرکانیٚ لەکەڵ کوڵە کویخاکانی ئەوساو ئیستای ناو ڕژێمی ساهەنشایی و ئێستای ڕێبەرانی گشت ئەحزاب و ئەدیان و سیاسەتمەدارانە.
پێویست ناکات وەختی خوشکە پەروانە بگرم با سیمینارەکەی بەڕیوە بەرێت. سەروتاری گۆڤارەکە ئەو ڕاستیەی دەیڵێم دەسەلمێنی. ئیتر سوپا بۆ ئیوە.

عەلـــی کیتـــــبی
بونیادنەر و بەرپرسی یانەی ســــــاراو
گۆڤاری جیهانی منالاٌن



# جیاوازی پەروەردەی منالْ
# و
# ئاکامــــــــی دەروونــــــــــی

**پەروانەی قوڕەیشی**

خەبەری خۆ کوژی و خو سوتاندنی ژنانی کورد لە سی پارچەی کوردستاندا بوتە شتێکی بەداخەوە رووتینی.
بۆ لیکۆلینەۆە و دوزینەوەی هوی خۆکوژی ژنان باسەکە لە سەر تیوری گەشە کردن و چونایەتی پەروەردە کردنی منال بە تایبەت کەنیشك یا کچ دەس پی ئەکەینز

بۆ گەشەکردن و پیێگەیشتنی مرۆڤ، لە ئاستی دەروونناسی نیورۆزەوە neurose پێگەیشتنی سۆز و هەست بزوێنەری، گەڵیك گرنگە.
رەنگدانەوەی اختلال لە پێگەیشتن خۆی زۆر بە هیز تر نیشان ئەدات هر چەند کە اختلال قول و دریژ خاینتر بیت.
لە لایکەوە بەسراوە بون و لە لایکی دیکەۆە متمانە بە ژینگە بەشیکی بناغەی ژیانی کورپە دابین دەکات.

له كاتی گەشەكردنی توانای موتوریكی منال له دووهمین سالی تەمەنیدا خواستی دەروونی منال بو سەر بە خۆیی سەر هلئەدات كە لە لایەن باوك و دایكەوە دەبیت، وردە وردە ئەوانیش بسراوە بوون مندال بە خویان كەم بكەنەوە.

یەكی لە خالە گرنگەكان بۆ وگەشە و پیگەیشتنی منال ئەوەیە كە هەست بە پاراستن وچاودێری منال جیا لە بەرهەم و كارایی منال لە لاین باوك و دایكەۆەبیت. ئەگەرنە دوایی منال بۆ دروست كردنی پەیوەندی كومەلایتی تووشی مشكیلە دەبیت, چونكو ئەو دایم فكری بە پتە و كردن و گیان پی دان بە هەستی نرخی خو مەشغولە. مروڤ وا توانای ئەوی نیە لە كات و وەختی منالیدا خوی وەدەر بهینیت, بۆ ئەوەیە كە توانای پیك هینانی رەسم و تێگەیشتنی پتەۆ لەخۆ بناغەی هەموو پەیوەندیە كومەلأیەتیەكانە. ئەم وێنە لەخۆ بەشی زۆر گرنگی وا ساز دەبیت, كە منال زۆر بە روونی هەست بە ئەوە دەكات كە باوك و دایكی تەنیا بە بوونی ئەو بەختەوەرن بی لە بەرجاو گرتنی بەرهەمەكانی.

پەیوەندی سالەكانی سەرەتائی پەیوەندی دوو بە دوویە لە گەل دایكدا كە ئەمەش رۆلێكی تایبەتی بۆ ساز بوونی متمانەی دەرونی هەیە. هەر بۆیەش كێشەكانی وابستە بون و سەر بە خۆیی ناو نراوە كێشەی دوو بە دوو. بۆ نیشاندانی جیهانی دەرونی منالێكی بچووك باس لە دایك و مندالٚ دوو بە دوو دەكریت. Mutter kind . dyade

لە داهاتوودا لەرێگای كیشەی اودیپ پەیوەندی دەبیتە سێلانە. سوزی دەرونی نیوان دایك, مندال, باوك و خوشك و برا و كەسانی دیكەی بنەماڵە هەم لە باری كەسایەتیەوە هەم لە باری تاكە كەسیەوە دیتە گۆرین. نیازی جنسی وagression هیرش كە لە سەردەمی قۆناخی دەم دا بێسنوور بون لەدەورانی كۆمیدا بە هیزتر دەبیت بە لام لە لایەن دەرەوە یانی ژینگەی مندالٚ مەحدود دەكریت یا كو باشتر بلین سنوری بۆ دادەنریت.

شێوەی هەلٚسوو كەوت لەگەلٚ سكسوالیتیت جنسیەت و هیرش كردنەسەر دەبیت لە دەورانی اودیپ دا شكل و فورم بگریت تا لە لایەن كومەلٚگاوە رێگا بدریت.

لە كاتی شاراوەدا هیز و توانای بزوینەرەكان كەم دەبیتەوە و منال دەتوانیت توانای خوی پەرە پێبدات و پێوەندی كۆمەلاٚیەتی خۆی بەرەو پێش ببات.

لە كاتی بالٚق بوون و پیگەیشتن دا جارێكیتر بزۆینەرەكان بەهەموو هیزەوە خۆیان پێشان ئەدەن كە ئەمە دەبیتە هوی ئەوە كە ناسنامەی جنسی بەشیوەیكی جیدی رێگە بۆ پا نی‌شتن بۆ ژیانی گەورە سالی ریك بخات.

گەنجایەتی گوزاریكە لە مندالی بو گەورە سالی و گرنگیكی تایبەتی خوی هەیە بو گەشە كردن و پی گەیشتن. ئەم گوزارە هەم دەتوانی شانسی بیت بو لا بردنی كیشە كانی دەورانی مندالٚی و هەم ریسك. ئەگەر دەرباز بوون لە تێپەر بوونی گەۆرە سالٚی هەم لە باری دەرونیەوە و هەم لە باری جینسیەوە ناسنامەیكی پتەو ساز بوبیت گەشە كردنی دوایی لە تەمەنی ناوەراستدا لە ریگای پیوەندی لە گەلٚ مروڤێكی دیكە درێژە پێئە درێت. هەر تا كوو تەمەنی زۆر بالاٚ ئەو كیشانە كە توانویانە خۆیان داپوشن سەر لە نویٚ سەر هەل ئە دەن و دەبنە هۆی دەركەوتن نیشاندەری NEUSE نویروتیكی.



## بەشی دوهەم

كاتیٚ روون دەبێتەوە كە ژن و میرد لە باری كەسایەتی و جم و جوولٚەوە وەكوو یەك نین و نابی وەكو یەكبن , ئەنجامەكەی دەبیتە ئەوە كە نابی وەكو یەك پەروەردە بكرین.

ژان ژاك رۆسۆكنایسی ل، 1984 پێی وایە كە شێوەی پەروەردە كردنی كەنیشك و شكل پێدانی لە باری كومەلایەتیەوە دەبێتە هوی ئەوە كە كردەوی خۆكوژی لە ئەو چاوەروان بكریت, كە ئەمەش هۆكەی پروسەی كومەلایەتی ژن لە ستروكتوری كومەلگا بە گشتی دەبی باسبكریت.

كۆمەلٚگا لە هەر دو جنس كەنیشك یا كورٚ چاوەرٚوانی كردەوەیەكی جیاوازە و ئەم جیاوازیە خۆی لە كردەوی دایكو باوكدا خۆیٚ ئەنوێنی، كە بینا بە جنسی منالٚ شێوەی كردەوەیان دێتە گۆرین.

هەر چەندە كە لە جیهانی یەكەمدا ببورن ئەگەر لیرەدا ئەم تاریفە بەكار دێنم، جیهانی یەكەم مەبەستم لە باری ئابوریەوەیە .

گۆرانی ژیر بناغەیی بۆ ژن پێك هاتوە بەلاٚم هێشتا ناسنامەی ژن بەسراوەتەوە بە رۆلی سونەتی ژنەوە. ژن تەداعی دەكریٚت لە گەلٚ سفاتی وەكو بێعەمەلی, بە سەبرو تاقەت, ژیر دەستە و عاقل. كاتی كە بیر لە ژن یا كوو پیاو دەكەینەوە دو وێنەی جیاواز دیتە بەر

چاومان لیرەدا مەبەست شكل و شەمایل نیە. بلكو سفات و كردەوەیان هوی ئەم شیوە بیر كردنەوە و بە تەمەن بونی ئەم شێوە بیر كردنەوە پەیوەندی بە ئەوە وە نیە كە سروشت ژن لە باری تەبیعەوە وا ساز كراوە و میرد بە جۆرێكیتر .

هۆی سەرەكی ئەم جیاوازیە ئەوەیە كە لە سەرەتاوە لە كاتی پروسەی كۆمەڵایەتی, كەنیشك لە ترس سزا دان لە لایەن باوك و دایكەوە پیّلە سنورێك كە بوی دابین كراوە درێژ ناكاتەوە.

گوێڕاگیر بون و خو بە دەستەوە دانی ژن لە ئەنجام ترس لە سزا دێن لە زەمانی منداڵیەوە هەیە.

هەرچی كچ سەر بەژێرتر و گوی راگیرتر بیت دایك و باوك ئەویان زورتر خۆش ئەوێت.

كچ بو ئەوەی خوشەویستی و پیێراگەیشتنی دایك و باب لە دەست نەدات بە ڕەزای خۆی ئەو رۆڵ و جێگایە بۆ خۆی قەبوڵكردوە .

تەنانەت ئەگەر كومەڵگا ئەوەندە پێش كەوتوویبیت كە رۆلی سونەتی ژنان لە حال نەماندا بیت, بارودۆخی ژنان ئوتوماتیكی ناگوردریت.

بە پیچەوانەوە ژن مەجبوورە هاوكات لە نیوان دوو رۆلی جیاوازدا ئەمبەر و ئەوبەر بكات و لە ئەنجامدا بۆ نەجاتی خۆی لە دەس ئەو بارو دۆخەدا یا باش ترە بڵێن لە دەستی دەسكەوتی بەرابەری پەنا بە ئەو ڕەفتارە كە گوایە ئیتر نەماوە یانی خۆ كوژی ببات.

لە ئەم ریگاوە یانی خۆ كوژی و یا نەخوشی دەرونی ژن بە دنیای دەرەوە پەیام دەنیریت و خەڵك لە بارو دۆخی ژیانی خۆی ئاگادار دەكات. یانی خۆكوژی و نەخوشی دەرونی تەنیا ڕێگا بو وەدەس هینانی سەرنج و خوشەویستی كەس و كارەكەیە.

لێرەدا ڕوون دەبیتەوە كە هەوڵدان بۆ خۆكوژی كردەوەیكی تیپیكال ژنانەیە.

كەسیّ كە هەولّ دەدات كە خۆی بكوژی لە بنەڕتدا لە باری دەرونیەوە كارایی نەماوە و بە جیگەی ئەوە كە كێشەكانی خۆی بە قسە و وتار حەل بكات, ڕێگای لە ناوبردنی خۆی هەڵدەبژێری.


**پێویستە چاوەڕوانی پاشماوەكەی بین**



رزگار فەتاحـــــــــــــی



كۆڕی مۆســـــــیقا



تەهـــــا خوسرەوی

# هونەری تەشکیلی



## دامون

دلاوەر قەرەداغی



**Damon**



# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***
***Barnhem i Saqis & Bokan***

**Nr. 10**



Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030
shihab.manmy@comhem.se
**Bankgiro 5469-4922**
**ISSN 1651-5188**